# فەرهەنگی ناوی شوێن لە زمانی کوردیدا(گوندەکانی ناوچەی کۆیە و پارچە زەوییەکانی ئیلنجاغی گەورە بە نموونە)

**ڕۆژان نوری عەبدوڵا**

بەشی کوردی، فەکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بۆ فەرهەنگی ناوی شوێن لە زمانی کوردیدا(گوندەکانی دەوروبەری کۆیە و پارچە زەوییەکانی ئیلنجاغی گەورە بە نموونە) تەرخانکراوە. لە ڕووی پێکهاتەی وشەسازیی و واتاییەوە، سەرنج دەخاتە سەر ناوی شوێنی گوندەکان و پارچە زەوییەکانی ئیلنجاغی گەورە لە ناوچەی کۆیە دا. بە هەڕەمەکی چەند نموونەیەکی ناولێنانمان وەرگرتووە. هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە ئەوەیە، کە پێکهاتەی وشەسازیی و واتایی ناوی شوێنی گوندەکانی دەوروبەری شاری کۆیە و پارچە زەوییەکانی ئیلنجاغی گەورە بخرێتە ڕوو، باسکردن لە پێکهاتەی ناوی شوێن لە زمانی کوردی لە توێژینەوەی سەربەخۆدا زۆر کەمە، یان هەر نییە، بۆیە خستنەڕووی ئەم بابەتە لە شێوەی فەرهەنگی ناوی شوێندا بە پێویست زانرا. بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە و گەیشتن بە ئەنجامە دیاریکراوەکان ڕێبازی (وەسفی شیکارانە) پێڕەوکراوە، لە ڕوانگەی ڕیشەناسیی سەردەمییانەوە، پێکهاتەی ناوی شوێن و واتاکانیانمان لێکداوەتەوە، هەروەها بۆ دەستەبەرکردنی سەرجەمی کەرەستە و نموونە بەکارهاتووەکانیش سوود لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی قسەپێکەرانی ( کوردی ناوەڕاست)، لەگەڵ سەرچاوە بەکارهاتووەکانی ئەنجامدانی کارەکە وەرگیراوە. دروستەی پار و بابەتەکانیشی، جگە لە پێشەکی، بەسەر سێ پاردا دابەشکراوە: لە پاری یەکەمدا سەرەتایەک دەربارەی فەرهەنگ بە گشتی و چەمك و پێناسینی فەرهەنگ و ڕیشەناسی و ناوی شوێن باسکراوە. پاری دووەهەم: بۆ ناوی گوندەکانی دەوروبەری کۆیە لە ڕوانگەی شێوە و واتاوە تایبەت کراوە، لە پاری سێیەم و کۆتاییدا ناولێنانی پارچە زەوی و ئاقارەکانی ئیلنجاغی گەورە نیشاندراوە.

**وشە سەرەکییەکان:** ناوی شوێن، ناوی گوند، فەرهەنگی تۆپۆنیمی، ڕیشەناسی، ئیلنجاغی گەورە.

## پێشەکی [1]

ئەم توێژینەوەیە بۆ فەرهەنگی ناوی شوێن لە زمانی کوردیدا(گوندەکانی دەوروبەری کۆیە و پارچەزەوییەکانی(ئاقار) ئیلنجاغی گەورە بە نموونە، تەرخانکراوە، کە خوێنەر بە تایبەتمەندیی وشەسازیی و واتایی، ناوی شوێنی گوند و ئاقارەکان ئاشنا دەکات، هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ، دوای تێبینی و سەرنجدانمان لە ناوی شوێن بە گشتی و بە تایبەتیش ناوی شوێنی گوندەکانی دەوروبەری شاری کۆیە و پارچەزەوییەکانی ئیلنجاغی گەورە بۆمان دەرکەوت، کە زۆربەی ناوی گوندەکانی هەرێمی کوردستانی باشور، پەیوەندییان بە بارودۆخ و سروشت و ناوچەی جوگرافییەوە هەیە، ئەمەش درکپێکردنی وێنای وێنەیی هزری تاکی کوردە، لە هەڵبژاردنی هێما و پەیوەندی بە ناوەڕۆك و واتاوە و ناولێنانی شوێنەکان بەپێی گونجانیان لەگەڵ ناوچە و دەڤەر و بارودۆخەکاندا. لە گوندێکدا پارچە زەوییەك، کە جۆنی و بەردی لێبووبێت ناوی لێنراوە(جۆنی بەرد).

بۆ ئەم مەبەستەش بەهەڕەمەکی، ناوی چەند گوندێکمان لە دەوروبەری شاری کۆیەدا وەرگرتووە، لەگەڵ ناوی چەند پارچەزەوییەکی ئیلنجاغی گەورە و هەوڵماندداوە، لە ڕوانگەی وشەسازیی و واتاییەوە شیکردنەوەیان بۆ بکەین، بۆمان دەرکەوت کە تاکی کورد پرۆسەی ناولێنانی گوند و ئاقارەکانی کوردستانی بە هۆشیارییەوە ئەنجام داوە، ناوەکان لەگەڵ مەبەستەکانیاندا یەکدەگرنەوە، بۆیە ئێمە ناوی داڕێژراو و لێکدراومان وەرگرتووە، تاوەکو ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان فۆرم و واتای ناوەکاندا هەیە، دەربخەین و ڕوونی بکەینەوە.

سنوری توێژینەوەکە دیالێکتی کوردی ناوەڕاستە، نموونە و داتاکانیش ناوی گوندەکانی دەوروبەری شاری کۆیە و پارچە زەوییەکانی ئیلنجاغی گەورەیە، شیکردنەوەی ناوەکانیش بەپێی دەستوری وشەسازیی و واتایی ئەمڕۆی زمانی کوردییە.

بۆ هێنانەدی ئامانجە دیاریکراوەکانی توێژینەوەکە، ڕێبازی وەسفی شیکارانە پێڕەو کراوە، ئامانجانە، هۆکاری ناولێنانەکان ڕون بکەینەوە و درکپێکردنی مرۆڤی کورد لە هەڵبژاردنی ناوی گونجاوی پەیوەست بە هەڵکەوتەی شوێنەکان دەربخەین. گرنگیی کارەکە لە ئەوە دایە، کە بۆشاییەکی لە بواری توێژینەوەی ناوی شوێن لە زمانی

[1] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٩، ژمارە ١ (٢٠٢٦)
ڕێککەوتی وەرگرتن؛ ١٧ تشرینی دووەم ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن؛ ٦ کانونی دووەم ٢٠٢٥
توێژینەوەی ڕێکخراو؛ لە ٥ ئادار ٢٠٢٦ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: rozhan.noori@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٦. ڕۆژان نوری عەبدوڵا، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 40.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp212-224

کوردیدا پڕکردووەتەوە. چونکە ئەوەی بزانرێت، تاوەکو مێژووی نوسینی ئەم توێژینەوەیە، بەشێوەیەکی لەمجۆرە باس لە وردەکارییەکانی ناوی شوێن نەکراوە، بە تایبەتی لەسنوری ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، کە شاری کۆیەیە. ئەم توێژینەوەیە، هەوڵدەدات وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، کە ئایا پەیوەندی لەنێوان جۆری ناوەکان و سروشتی ئەو ناوچە و گوند و پارچەزەوییانەدا هەیە، کە ناوەکانیان بۆ دانراوە؟ پێکهاتەی توێژینەوەکەمان بۆ سێ پار دابەشکردووە: لە پاری یەکەمدا، (پوختەیەك لەبارەی فەرهەنگ و ناوی شوێن بە گشتی) خراوەتە ڕوو، پاری دووەم، بۆ (ناوی گوندەکانی دەوروبەری کۆیە لە ڕوانگەی شێوە و ناوەڕۆکەوە)، تەرخانکراوە، لە پاری سێیەم و کۆتاییشدا، (ناوی پارچە زەوییەکانی گوندی ئیلنخاغی گەورە، پەیوەندی بە سروشتی ناوچەکەوە)، باسکراوە و لێیان کۆڵراوەتەوە.

## 1 . پوختەیەك لەبارەی فەرهەنگ و ناوی شوێنەوە بە گشتی:

زمان هۆکارێکە بۆ لەیەکترگەیشتن و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لەنێوان مرۆڤدا، کۆڵەگە و ناسنامەی نەتەوەیە، بەهۆی زمانەوە شارستانیەتی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە، وشەکانی زمانیش بەتێپەڕبوونی کات و سەردەم، دوچاری گۆڕان و لەناوچوون و نوێبوونەوە دەبنەوە، بە بەردەوامی چینێك لە وشەی نوێ لەدایك دەبێت و چینێك وشەی دیکە لە زمان دەچێتە دەرەوە و بەرەو سست بوون و لەناوچوون دەچن. ئەگەر فەرهەنگێك نەبێت، کە وشەکانی زمان کۆبکاتەوە و بیانپارێزێت، دەفەوتێن و لەناودەچن، بۆیە نەتەوە پێشکەوتووەکان، ژمارەیەکی زۆر فەرهەنگی جۆراوجۆریان لە بوارە جیاجیاکاندا داناوە، هەروەها بەشێوەیەکی تیۆرییش چەندین پەرتوك و نامیلکە و وتار و بابەت لەبارەی فەرهەنگنووسییەوە بڵاو کراوەتەوە. لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و زانیاریدا، فەرهەنگی نوێ تایبەت بە بابەتە جۆراوجۆرەکانەوە دەکەوێتە ناو زمانەوە، لەم سەردەمەدا، فەرهەنگ بە دوو جۆر تۆمار دەکرێت: سەر کاغەز و ئەلیکترۆنی. فەرهەنگی سەر کاغەز: بە ڕەشوسپی و ڕەنگاوڕەنگ چاپدەکرێت، بەڵام فەرهەنگی ئەلیکترۆنی: لەسەر CD، DVD، فلاشمیمۆری، مۆبایل، دیسکتۆپ، لاپتۆپ، تابلێت و هتد تۆماردەکرێت(عوسمان،2021، 41).

مەبەست لە فەرهەنگی ئاوەزی، فەرهەنگی وشەکانی زمانە، کە لەهزر و بیری ئاخێوەراندا هەیە، وەك کۆگایەکی هەمیشەیی وشە زانراوەکانە لە ئاوەزی هەر ئاخێوەرێکی زماندا، کە زانیاری واتایی و مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی، لەبارەی تاکە تاکەی وشەکانەوە تێدایە.

ئەو زانیارییانە بۆ بەکارهێنانی وشەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك ڕێکخراوە. هەر قسەکەرێکی زمان پەیوەست بە جیاوازی ئەزموونی زمانیی تاکە کەسییەوە دەشێت فەرهەنگە ئاوەزییەکەی جیاوازی هەبێت. فەرهەنگی ئاوەزی ئەو بەشە پێکهاتەیەی زانینە زمانییەکەیە، کە زانیاری لەبارەی یەکە سینتاکسی و مۆرفۆلۆجییەکانەوە خەزن دەکات (سەعید، 2020 ، 27)، فەرهەنگی ئاوەزی ئەو فەرهەنگە زیندووەی مێشکی مرۆڤەکانە، کە هەمیشە لە داهێنان دایە. کۆی فەرهەنگی ئاوەزی تاکەکانی نەتەوەیەك، پێکهێنەری فەرهەنگی نەتەوەکەیە.

فەرهەنگی گشتی زمانی مرۆڤیش لە کۆی فەرهەنگی نەتەوەکان پێکدێت. بۆیە پێناسەکردنی فەرهەنگی ئاوەزیش پێناسەکردنێکی گشتگیر نابێت، بەڵکو لە ڕێگەی زانستی جۆراوجۆرەوە پەی بەو دروستکراوە ئەبستراکتە زیندووە دەبردرێت و پێناسەی شیاو لەم ڕووەوە ئەمەیە: فەرهەنگی ئاوەزی سیستەمێکی درکپێکردنە، کە پێکهێنەری توانای درکپێکراو و درکپێنەکراوی چالاکی لێکسیکییە(عوسمان، 2021 ، 12).

فەرهەنگی ئاوەزی نواندنی سایکۆلۆجییانەی لێکسیکەکانی زمانە، کە لە یادگەی واتایی مرۆڤدا خەزن دەکرێت. بوارەکانی ناسینەوەی وشە و ڕێکخراوەی ناوەوەی سیمانتیکییانە و مۆرفۆلۆجییانەی فەرهەنگی ئاوەزی، هێنان و گونجاندنی زانیارییەکان لە ناوەڕۆکی گفتوگۆ و دەقدا، لە گرنگترین بابەتەکانی لێکۆڵینەوەی فەرهەنگی ئاوەزین، هەموو ئەو بوارانەش ئاماژە بەو چەمك و زانیارییانە دەدات، کە لە دروستەیەکی فۆنۆلۆجیدا لە قاڵب دەدرێت، لە سنوری سیمانتیکدا بە سیمانتیکی فەرهەنگی دەناسرێت(ئەحمەد، 2013، 9).

(فەرهەنگی ئاوەزی بەواتا وشەنامەکەی ناو مێشك و دارشتەی دەرونزانی زانیارییە فەرهەنگییەکانە و زاراوەیەکە بۆ چۆنێتی ڕێکخراوەیی ئاوەزیی گەنجی وشەی مرۆڤ بەکاربراوە)،(حسێن، 2021، 18).

گرنگی وشە وەك کەرەستەی زمان و ئامێری پێوەندی نێوان مرۆڤەکان، شتێکی ڕوون و ئاشکرایە. (وشەکان کە لە زماندا بەکاریان دەهێنین ڕێگایەکن بۆ دەربڕینی بیر و بۆچوون و هەستەکانمان، لەگەڵ ئەوەشدا دۆزەرەوەی بڕێکی زۆر لە زانیاری پەیوەست بە کارلێکی کۆمەڵایەتی و کەسێتیە)،( Pennebaker and Stone\ (Peng and Nisbett,2007, 34)(زمانە کارا و زیندووەکانی دونیا، هەموو خاوەنی دەیان و سەدان فەرهەنگن لە بوارە جۆراوجۆرەکانی چاندن، ویژە و هونەر و زانستدا، هەر بوارێك لەمانەش دەیان لقی لێ جیا دەبێتەوە، کە ئەوانیش وشە و زاراوەی تایبەت بە خۆیان هەیە و فەرهەنگی سەربەخۆ دەخوازن)،( شێخ طیب، 2014، 188).

دانانی فەرهەنگ بە یەکێك لە کارە گرنگەکانی هەر نەتەوەیەکی زیندوو دادەندرێت، فەرهەنگ هۆکارێکە بۆ دەوڵەمەندبوونی زمان، بەهۆی فەرهەنگەوە دیالێکت و بەش و لقە دیالێکتەکان کۆدەکرێتەوە و لەیەکتری نزیك دەبنەوە، بەهۆی فەرهەنگەوە خەرمانی وشەی کوردی گرد دەکرێتەوە، وشە و زاراوەی میللی لە لەنێوچوون دەپارێزرێت، نەوەی نوێ بە وشەی کوردی کۆن و نوێ ئاشنا دەبێت و زمانیان دەوڵەمەند دەکات، هەر بەهۆی فەرهەنگەوە دەتوانرێت لە وشە و زاراوەی دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی و زمانەکانی بیانی و نەتەوەکانی جیهان تێبگەین( عەبدوڵڵا، 2007، 294).

### 1. 1 چەمك و پێناسەی فەرهەنگ:

لە زمانی کوردیدا زاراوەی (فەرهەنگ) و (قاموس) بۆ ئەو کتێبەی کە وشەی تێدا دادەندرێت بەکارهێنراوە، زۆرجار بەرانبەر هەردوو زاراوەی ( Dictionary)و ( Lexicon)ی ئینگلیزی زاراوەی (فەرهەنگ) بەکارهێنراوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە ( Dictionary ) وشەنامە و (Lexicon)یش فەرهەنگە، کە هەردووکیان بوارێکی زانستی تازەن ( مەحوی، 2001، 144). (فەرهەنگ تۆمارگەیەکە بۆ پاراستنی وشەکانی زمان لە فەوتان و لەناوچوون، کتێبێکی سەرچاوەیی و مەرجەعە، وشە و زاراوەی زمانێکی دیاریکراوی تێدایە، کە بەشێوەیەکی تایبەتی ڕێکخراون، لەگەڵ پێناسەی هەر وشەیەك و دەرخستنی هاوواتاکەی لەهەمان زماندا، یاخود لە زمانێکی دیکەدا، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئەو وشانەی کە لێوەی وەردەگیرێن و بەکارهێنانی و مانا جیاجیاکانی،هەروەها دەرخستنی لایەنی مێژوویی وشەکان و چۆنیەتی گۆکردنیان و پێکهاتەی وشەسازییان)،(حاجی مارف، 2014، 205).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp212-224

ـ(( فەرهەنگ: گەنجینە و کۆگای زمانە، کە کەرەستەکانی زمانی تێدا دەپارێزرێت و بەگوێرەی ئەلفوبێی فەرهەنگی زمانەکە ڕیزدەکرێن. دەبێ زانیاری زمانەوانی، وەك: دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی و واتاسازی...بگریتەخۆی، لەگەڵ پێدانی زانیاری مێژوویی و کۆمەڵایەتی بەپێی پێویست. لەگەڵ ڕەچاوکردنی لایەنی هونەری))،(مراد، 2021، 24). سەرەڕای ئەمانە فەرهەنگ زانیاری گونجاوی وای تێدایە، کە یارمەتی لێکۆڵەر یان خوێنەر دەدات، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی،( العریان، 1984، 14).

ـ فەرهەنگ سەرچاوەیەکی زمانییە، کە دەروازە و شیکردنەوەی تێدایە، فەرهەنگ جۆری زۆرە، دەشێ فەرهەنگ مێژوویی، یان وەسفی، یان پێوانەیی بێت، هەروەها بۆی هەیە، فەرهەنگ گشتی، یان تایبەتی بێت، فەرهەنگ هەیە، تاك زمانە، یان جووت زمانە، یان چەند زمانییە( الخولی، 1986، 32).

ـ فەرهەنگ: زانیارییەکانی، وەك: ڕێکخستن، سیستەمی کار، جۆری دەربڕینی وشەکان، ڕێزمان، دارشتنی وشە، ڕوونکردنەوەی شێوە بنەڕەتییەکانی وشە و پەیدابوونیان لە خۆی دەگرێت، هەروەها تایبەتیەتی سینتاکسی وشەکان، ڕیزکردنی پیتەکان، کورتکردنەوەیان، دۆزینەوەی هاوواتا و دژواتا لە فەرهەنگدا ڕوون دەکرێتەوە، دەبێت فەرهەنگ بنچینە و بنەڕەتی وشەکان لێکبداتەوە و شێوە کۆنەکانی ڕوون بکاتەوە (**ڕەشید**، 2001، 151ـ152). واتە چەمکە فەرهەنگییەکان، پێکهێنەری یەکە واتاییەکانن، کە بە فۆرمە زمانییەکانەوە پەیوەستکراون و بەشێکی دانەبڕاون لە ڕێزمانی ئاوەزی ئاخێوەری زمانەکە)، ( Evans, 2013,1).

هەرچەندە فەرهەنگ جۆری زۆرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێ دوو جۆری سەرەکی جیابکرێتەوە: یەك ـ فەرهەنگی ئینسکلۆپیدی، دوو ـ فەرهەنگی فیلۆلۆژی. جۆری یەکەم سەبارەت بە ڕووداو و دیاردە و خەڵك ...هتد دەدوێ. هەرچی فەرهەنگی فیلۆلۆژییە لە وشە دەکۆڵێتەوە؛ واتە وشە، کە دانەی زمانە، کەرەستەی سەرەکیی فەرهەنگیی فیلۆلۆژییە(حاجی مارف، 1978، 47).

فەرهەنگی زمانی و ئینسایکلۆپیدیا، لەوەدا جیاوازن کە، فەرهەنگی زمانی تەنیا تایبەت کراوە بە لێکدانەوەی یەکە زمانییەکان. ئەگەر پێویستیش بێت، دەتوانرێت چەند لاپەڕەیەکی کۆتایی فەرهەنگە زمانییەکە، بۆ ئەو زانیارییە گشتییە گرنگانە تایبەت بکرێت. بەڵام باشتر وایە ئەو زانیارییە فراوانسازییانە بۆ ئینسایکلۆپیدیا تایبەتکان بەجێ بهێڵدرێت، تەنیا ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە دارشتن و واتاوە هەیە و بەندن بە کەرەستە زمانییەکان، لە فەرهەنگی زمانیدا باسبکرێن( معتوق، 2008 ، 19).

ـ فەرهەنگی تۆپۆنیمی: فەرهەنگی تۆپۆنیمی فەرهەنگی ناوی شوێنە جوگرافییەکانە، بەشێکە لە فەرهەنگی گشتی یەکزمانی، بە تەنیاش وەك فەرهەنگێکی تایبەتی تەماشا دەکرێت، فەرهەنگەکە لەسەر چەند بنەمایەك دادەندرێت و سەرە وشەکانی بەپێی سیستەمێك هەڵدەبژێردرێن، کە بریتین لە ناوی شار و گوند و گەڕەك و (وەك ئاوایی) و زنجیرە شاخ، لوتکە، ئەشکەوت، گرد، دەریا، دەریاچە، ڕووبار، جۆگا، کەند، دۆڵ، شیو، قەڵا و شوێنەواری دێرین، گۆڕستان، دار و بەردی ناودار و هتد. ڕیشەی ناوەکان لە ڕووی زمان، ژمارەی دانیشتوانی ئاواییەکان بەپێی مێژوو، هەڵکەوتەی جوگرافی و ڕووبەریان، بەروبووم و داهاتیان، کەشوهەوا و دەرهاویشتەکانی و هتد. بە نەخشە، وێنە، خشتە و هێڵکاری پەیوەست لە فەرهەنگەکەدا دەخرێنە ڕوو(عوسمان، 2021، 14).

**2.1.1 ڕیشەناسی ـ ئیتیمۆلۆجی:**

ڕیشەناسی، واتە زانستی بنچینەی وشەکان، لقێکە لە زمانناسی، بەدواداچوون بۆ مێژووی وشە دەکات، لەکاتی دەرکەوتنییەوە و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ڕووی چۆنیەتی دەربڕین یان واتاوە بەسەریدا هاتووە، بنچینەی وشە ڕوندەکاتەوە، نەك لە زمانێکدا، بەڵکو لە ناو خێزان و کۆمەڵە زمانێکدا کە وشەکەی لێوە هاتووە، ڕیشەناسی بەپێی پێناسەیەکی فەرهەنگی زمانناسی واتە مێژووی وشە: پێداچوونەوەی بنچینەی وشە و مێژووەکەی دەگەیەنێت. رمزی منیر بعلبکی لەمبارەیەوە دەڵێت: ((ئیتیمۆلۆجیا واتە بنچینە یان بنچینەی وشە، ڕەگی وشە، بنچینەکەی لەنێوان بنچینە و ڕەسەنایەتیدا یا بۆماوەیی شت و ماڵ، یا بە بنچینەکردن))، (ڕەفیق شوانی، 2023 ،17).

ـ ڕیشەناسی لقێکە لە زمانناسی دەچێتەوە سەر زمانناسی مێژوویی، بەدواداچوون بۆ بنچینەی مێژووی وشەی زمان دەکات لە ڕووی پەیدابوون و دەرکەوتن و ئەو گۆڕانانەی بەسەریدادێت، وەکو دەربڕین یان واتا و بنچینەی وشەکە لەناو خێزانە زمان دەردەخات، کەسەر بە چی زمانێکە، واتە گێڕانەوەی مێژووی بنچینەی وشەکە. جۆرەکانی ڕیشەناسی بەپێی جۆری ئەو ناوەی لێیان دەکۆڵێتەوە، زمانناسە عەرەبەکان لە سەرچاوە زمانییەکاندا دوو لقی ڕیشەناسییان دیاریکردووە، وەك: ناوناسی و شوێنناسی.

**ـ ناوناسی:** ناوی کەس واتە ئەو ناوانەی کە بۆ کەس و تایبەتن بە کۆمەڵی مرۆڤەوە، کە لەناوی کەسەوە سەرچاوەیان گرتووە وەك ناوی تیرە، تایفە، هۆز و بنەماڵە و میللەت و نەتەوە واتە، ناوە دیارەکانی سەر بە کەس، ڕیشەناسی لە بنچینە و واتایان دەکۆڵێتەوە، واتە ڕیشەی ناوی کەس، کە بە ناوناسی ناودەبردرێت، وەك: (سۆمەری(ناوی میللەتە)، زەردەشت (ناوی دیارە بۆ کەسی ئاینی)، میدیا(ناوی بنەماڵەیەکی حوکمڕانی پێشینانی کوردن)، شوان ـ جاف ـ زەنگەنە (ناوی هۆزی کوردن)، کافرۆش، موتابچی، سابونچی(ناو و پیشەی کەسن).

ـ **ڕیشەناسی ناوی شوێن:** ئەم ڕیشەناسییە ناوی شوێنە، واتە شوێنناسی، یان لێکۆڵینەوەی ناوی شوێنەکانە، ئەم شوێنناسییە جۆرێکی ناوناسییە و بەشێکە لە ڕیشەناسی لە ناوی شوێن دەکۆڵێتەوە، لە ڕووی بنچینە و بنەڕەت و ئەسڵەکەیەوە، وەك: ناوی ڕووبار، شار، گوند، چیا، ڕێگا، زەریا، ئۆقیانوس،...هتد.

جۆرەکانی ڕیشەناسی بەپێی سەردەم و مێژوو، دابەش دەبن، بۆ ڕیشەناسی هاوکاتی یان هاوزەمان و ڕیشەناسی سەردەمەکان یان مێژوویی:

**ڕیشەناسیی هاوکاتی:** لەو وشانە دەکۆڵێتەوە، کە وشەکانی زمانێك لە وشەکانی دیکەوە لە هەمان سەردەمدا وەرگیراوە و لەناو هەمان زمانیشدا بوونی هەیە. ئەمجۆرە ڕیشەناسییە هاوزەمانییە، تەنیا لە ڕووی پێکهاتن و دارێشتنەوە.

ـ **ڕیشەناسی سەردەمەکان یا مێژوویی:** بریتییە لە گۆڕانکاری مێژوویی وشەیەك کە بە درێژایی سەردەمەکان کە جێگای سەرنج و بڕیاردان بێت. ڕیشەناس پێویستە ئاگاداری گەشە و گۆڕانی وشەکانی زمان بێت، واتە شارەزایی هەبێت لەبارەی فەرهەنگی مێژووی وشەکان و بەراوردی بکات لەگەڵ شێوەی ئێستای زمانەکە، تا بزانێت گۆڕانی وشەکان چۆن بووە. مەبەست لە بەراورد لێکۆڵینەوەی بەراوردی نییە، بەڵکو مەبەست لە ئاگاداربوونی شێوەی گۆڕانی وشەکانە (شوانی، 2023، 25ـ27).

## 1ـ 2 ناوی شوێن و جێگا

ناو ئەو وشەیەیە سەربەخۆ واتایەك دەگەیەنێت کە بە کاتەوە نەبەستراوە، کە دەگوترێت بە کاتەوە نەبەستراوە بۆ ئەوەیە تاوەکو ناوەکانی وەك: ڕۆژ، شەو، ساڵ، سات،...هتد بەر ئەم پێناسەیە بکەون و نەچنە ناو پێناسەی کارەوە. ( کۆڕی زانیاری کورد، 2018، 19).

ناوی شوێن هۆکارێکە بۆ ناسینەوە و جیاکردنەوەی ناوچە و شوێن و جێگایەك لە یەکێکی دیکە، بەهۆی ناولێنانەوە ئەو ناوچە و دەڤەر و ئاقارانە لەیەکدی جیادەکرێنەوە و سەرژمێری دەکرێن، ناو ڕەگەزی پێناسینی کەسیی و تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتییە، بەبێ ناو ناتوانین، قسە لەبارەی خەڵکی و شوێن و دەوروبەر و ڕوودا و دیاردەکانی دیکەوە بکەین، هەر بەهۆی ناوەوە دەتوانین، ئاماژە بە هەموو ئەو شتانە بکەین، کە دەیانبیستین و هەستیان پێدەکەین. ناوی گوند و لادێ و شوێن و جێگاکانی کوردستان، گرینگییەکی زۆریان هەیە و لە دەوڵەمەندکردن و زەنگینکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا، ڕۆڵێکی کاریگەرییان هەیە.

ناوەکان پاشخانێکی گرینگی کلتوور و کۆمەڵگای کوردەوارین، توێژینەوە لە ناوی شوێن و جێگاکانی کوردستان بەگشتی، جگە لەوەی سود بە فەرهەنگ و زمانی کوردی دەگەیەنێت، پەردە لەسەر لایەنی مێژوویی گەل و نەتەوەی کورد و کوردستانیش هەڵدەداتەوە. زانیاری لەسەر ناوی جێگای ئەشکەوت و لاپاڵ و شیو و دۆڵ و چیا و گرد و تەپۆڵکە و گوند و لادێیەکانی کوردستان، زانیاری مێژوو و خاك و نەتەوەمان پێدەبەخشێت.

بیرکردنەوە و هزری تاکەکان لە زمانەکەیاندا ڕەنگ دەداتەوە، بۆیە تاکەکان هەوڵی ناولێنانێکی دروست و گونجا و دەدەن، لەو شوێن و ئاقار و ناوچەیەی کە تێیدا نیشتەجێن، لە زۆربەی ناوی گوند و شوێنەکانی کوردستاندا، هەست بەو پەیوەندییە دەکرێت، کە ناوەکە ڕەنگدانەوەی سروشت و پێکهاتەی شوێنەکەیە، ناوی شوێنیش وەك وشەکانی دیکەی زمان، لەوانەیە بە تێپەڕبوونی کات و سەردەم دوچاری گۆڕان ببێتەوە، بەهۆی تێکەڵاوبوون لەگەڵ ناوچە و گەلانی دیکەوە، بەشێوەیەکی گشتی.

ناوەکانی شوێن، بەگەلێك هۆکاری جۆراو جۆرەوە، وەك: هۆکاری ئایینی و کۆمەڵایەتی و بازرگانی و ڕامیاری و زانستی و ...هتد. گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، بۆنموونە هەندێك لە ناوی گوند و لادێیەکانی کوردستانی باشور، بەهۆی داگیرکردنی کوردستانەوە لەلایەن نەتەوەکانی دیکەوە، ناوەکانیان گۆڕدراوە و ناوی بیانیان لێنراوە، یان هەر یەکسەر بە ناوی بیانییەوە ناویان لێنراوە، کە پێویستە ئاوڕیان لێ بدرێتەوە و جارێکی دیکە بە زمانی کوردی ناویان لێبنرێتەوە.

ناوی شوێن، وەك وشەکانی دیکەی فەرهەنگی زمانەکەمان، دابەش دەبێت بۆ: ناوی شوێنی سادە، ناوی شوێنی داڕێژراو، ناوی شوێنی لێکدراو.

1ـ ناوی شوێنی سادە: لەیەك وشە، واتە لەیەك مۆرفیمی سادەی واتادار پێکدێت،وەك: چەم، مەزار، چاك، دۆڵ، شیو، کەند، یاڵ، قەد، پاڵ، دەشت، بان، گرد، بەست، گۆڕ،...هتد. ئەم ناوە سادانە دەبنە بناغە، بۆ داڕێشتنی ناوی داڕێژراو و لێکدراو.

2 ـ ناوی شوێنی داڕێژراو: لە وشەیەکی سادە و مۆرفیمێکی بەندی وشەداڕێژ، پێکدێت، کۆمەڵێك پاشگر لە زمانی کوردیدا هەیە، کە بەشداری لە داڕشتنی ناوی شوێندا دەکەن، وەك: ( ــ دان، ــ دێن، ــ گە،ـ گا، ــ ەن، ـ (لان \ ـ ەڵان)، ــ ێن، ــ اوا، ـ جاڕ، ـ ار، ــ مان،...تد)، لەبەرئەوەی توێژینەوەکەی ئێمە لەسەر ناوی شوێنە، بۆیە بەکورتی ئاماژە بە مۆرفیمە بەندە وشەداڕێژەکانی شوێن و ڕۆڵیان دەکەین:

ـ **پاشگری ( ـ گە\گا):** ئەم پاشگرە لە زمانی کوردیدا، بە یەکێك لە پاشگرە بە بەرهەمەکانی گەیاندنی چەمکی شوێن دادەندرێت، بە هەردوو فۆڕمی ١ـ گە| و ١ـ گا\ دەردەکەوێت(حسین، 2022، 99). پتر دەچێتە سەر بەشە ئاخاوتنی ناو، هەندێك جاریش دەچێتە سەر بەشە ئاخاوتنەکانی دیکە، وەك ناوی چاوگ، ڕەگ، قەد، ناوی بکەر...تد،وەك: (ژوانگە، بارگە، پەسارگە، ڕێگە، ڕوانگە، خواردنگە، مەلەوانگە، کۆگا، دەستگا، تۆمارگا، کوشتارگە، خەوگە، خوێندنگا، کێڵگە، پەرستگە، دەرگا،...هتد).

ـ **پاشگری (ـ خانە):** مۆرفیمی (خانە) لە بنەڕەتدا وشەیەکی سەربەخۆیە و (بە تەنیا بە واتای ماڵ بەکارهاتووە)،( سدیق، 2015، 139). وەك: (خانەی خێرخوازی)، بەڵام لە ئێستای زمانی کوردیدا، لە شێوەی گیرەك و وشەی سەربەخۆدا دەردەکەوێت و فۆڕمی گیرەك ئاسای لە فۆڕمی سەربەخۆی بە بەرهەم ترە. لە ڕووی بنکەوە ناو و ئاوەڵناو لەو کاتیگۆڕییانەن کە ئەم پاشگرەیان دەچێتە سەر و لە ڕووی پێکهاتەشەوە دەچێتە سەر بنکەی سادە و داڕێژراوە، وەك: (کتێبخانە، نەخۆشخانە، شێتخانە، نانەواخانە،گرتووخانە،...تد).

ـ **پاشگری (ـ ستان):** ئەم پاشگرەش ناوی داڕێژراوی شوێن دروستدەکات، بەزۆری بۆ شوێنی فراوان و کراوە بەکاردێت، ئەو بنکانەش کە ئەم پاشگرە وەردەگرن، ناو و ئاوەڵناون، وەك:( گوڵستان، کوردستان، شارستان، تاریکستان،...تد).

ـ **پاشگری (یان):** ئەم پاشگرە، پتر بۆ داڕێشتنی ناوی شوێنی تایبەتی بەکاردێت و کەتیگۆڕی ناو و ئاوەڵناو وەك بنکە هەڵدەبژێرێت، وەك:( گەرمیان، بازیان، موکریان، کاوانیان، باڵەییان، دۆڵی ئاکۆییان).

پاشگری (ـەڵان)، لەگەڵ هەندێك مۆرفیمدا، ناوی شوێن و جێگە دروستدەکات، وەك: (کەندەڵان، کوندەڵان، قامیشەڵان، بەردەڵان)، جێگای تێبینییە، کە ئەم پاشگرە، لەو شێوەزارانەی، مۆرفیمی (ڵ)، بە (ر) گۆدەکەن، واتە: (ڵ) و (ر)، دەبنە ئەلۆمۆرفی یەکتری، لەشێوەی(ر)، گۆدەکرێت: (کوندەران، قامیشەران،...تد).

ـ پاشگری( ـەن)، ئەم پاشگرەش لەگەڵ هەندێك مۆرفیمدا، ناوی شوێن دروستدەکات، وەك: (سوتەن، گێژەن، بەردەن،...تد).

ـ پاشگری (ان)، ئەم پاشگرەش وەك مۆرفیمێکی فرەئەرك، لەگەڵ هەندێك وشەی سادەدا، ناوی شوێن دروستدەکات، وەك: (خدران، خاڵخاڵان، شەمزینان،...تد).

مۆرفیمی (ان)، مۆرفیمی کۆکردنەوەیە لە زمانی کوردیدا، بەڵام وەك مۆرفیمێکی فرەئەرك لە دروستکردنی ناوی شوێنیشدا ڕۆڵ دەبینێت.

ـ **پاشگری (ـەن):** ئەم پاشگرە، لەگەڵ هەندێك مۆرفیمدا، ناوی شوێن دروستدەکات، دەچێتە سەر ئاوەڵناو، ناو، ڕەگ، ئاوەڵکار...تد، دەبێتە هۆی پێکهاتنی ناوی شوێن، وەك: (سوتەن (ڕەگ+پاشگری(ـەن)، دوای تێچوونی دەنگی(ێ)، ناوی شوێنی (سوتەن) دروستبووە، ڕەقەن، گێژەن، پوشەن).

ـ **پاشگری لێکدراوی(کێ):** ئەم پاشگرە، لەگەڵ هەندێك ناودا، ناوی شوێن دروستدەکات: (گەورکێ، خانکێ، ڕۆژکێ، برۆشکێ).

ـ **پاشگری(ێ):** ئەم پاشگرە، لەگەڵ هەندێ ناودا، ناوی شوێن دروستدەکات، وەك: پردێ.

- **پاشگری (ـ وو):** لەگەڵ ئاوەڵکاردا ناوی شوێن دروستدەکات، وەك: (سەر+(وو)= سەروو، ژووروو، خواروو).
- **پاشگری (ـەوانی):** لەگەڵ ئاوەڵناودا، ناوی شوێن دروستدەکات، وەك: چۆڵەوانی.
- **پاشگری(ـایی):** ئەم پاشگرە، لەگەڵ ناو و ئاوەڵناودا، ناوی شوێن پێکدەهێنێت، وەك: (دەشتایی، تەختایی، قوڵایی، بەرزایی).
- **پاشگری(ـانی):** بەزۆری لە ئاوەڵناوەوە، ناوی شوێن دروستدەکات، وەك: (تەختانی، ڕەقانی، زورگانی)، (شوانی، 2016، 227) .
- **پاشگری دان\دین:** ئەم دوو پاشگرە پێدەچێت یەك بن، بەگۆڕانی دەنگی (ا) بۆ (ی) وایان لێهاتبێت، ناوی شوێن پێکدەهێنن، وەك: (گوڵدان، خوێدان، هێلکەدان، مۆمدان، ناندین، ...تد)،( شوانی، 2014، 145).

هەروەها ژمارەیەك پاشگری دیکەشمان هەیە، کە لە زمانی کوردیدا، ناوی شوێنی داڕێژراو دروست دەکەن، وەك: ( ـ وار، ـ زار،ـ مان، ـ ار،ـ ین، ـ ك، ـ گ، ـ کە، ـ اوا، ـ ێ، ـ دان، ـ وو، ـ ـەند ، ـ ۆ،...هتد)، وەك: ((شوێنەوار، لالەزار، نیشتمان، سۆرك، زورگ، لووتکە، مەڵبەند، هەڵشۆ، بنار، نسار... تد).

ئەمانە ناوی شوێنن بەگشتی، لە ڕووی پێکهاتەی وشەسازییەوە، ناوی داڕێژراون، لە پاری دووەمدا باسی ناوی شوێنی و گوند و لادێیەکان دەکەین، کە لەلایەن خەڵکی ئەو ناوچە و دەڤەرانەوە ناویان لێنراوە، بەشێکی زۆریان ناوی لێکدراو و داڕێژراون ئەو پەیوەندییە دەردەخەین، کە لەنێوان ناوی شوێنەکان و سروشتی جوگرافی و بارودۆخ و دەوروبەری ناوچەکانەوە هەیە.

## 2. ناوی گوندەکانی دەوروبەری کۆیە لە ڕوانگەی شێوە و ناوەڕۆکەوە

لە پاری دووەمی توێژینەوەکەدا، ئاماژە بە ناوی شوێنی گوندەکان دەکەین، بەپێی سروشتی ناوچەکە و هۆکاری ناولێنانەکەیان، ئەوە ڕوون دەکەینەوە، کە بۆچی ئەو گوندە، بەو ناوەوە ناوی لێنراوە، هەندێك لە نموونەکان بە خشتە ڕوون دەکەینەوە و پێکهاتەی واتایی و مۆرفۆلۆجییان شیدەکەینەوە، بەپێی جۆری ناولێنانەکەیان پۆلێنیان دەکەین، وەك:

### 2. 1 ئەو گوند و لادێیانەی بە ناوی کانییەوە ناویان لێنراوە:

دوای ئەوەی سەرنجمان لە زۆرێك لە ناوی ئاوایی و گوندەکانی کوردستان بە گشتی و دەوروبەری شاری کۆیە دا، بۆمان دەرکەوت: کە ژمارەیەکی زۆریان لە ناوی کانییەوە هاتوون، کە سەرچاوەیەکی هەڵقوڵاویی سروشتی سەر زەوییە، بەبێ دەستکردی مرۆڤ، ئەو کانیاوانە بەهۆکاری جیاجیاوە، ناوی مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندە و ئاوەڵناو و ژمارەیان وەرگرتووە، جگە لە ناوی گوندەکان، ناوی بەشێکی زۆری پارچە زەوی و ئاقاری گوندەکانیش بەناوی کانی و کانیاوەوە ناویان لێنراوە، هەندێکیان بەناوی کانی و دارێکەوە، یان بەناوی کانی و جۆرە ئاژەڵ یان گیانداریکەوە، یان بەناوی کانی و ناوی مرۆڤێکەوە، یان بەناوی کانی و جۆری خاکەکەوە، وەك: **(کانی سۆرك)**، کە لە ئاقاری گوندی داربەسەرە، ئاوەکە لە گردێکەوە دێتە دەرەوە، کە خاکەکەی سۆرکە، پێکهاتەی مۆرفۆلۆجی ناوەکە بەمجۆرەیە، ناوی شوێنی لێکدراوە، پێکهاتووە لە :**( ناو (کانی)+ ئاوەڵناو (سۆر) +پاشگر(ك) )**. هەر لەهەمان گوندا، ناوی ئاقاری (کانی پلوسکە)، ئاماژەیە بۆ جۆری ئاوی کانییەکە، کە لەشێوەی پلوسك دێتە خوارەوە، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە بەهۆی ئاو و ئاوەدانییەوە مرۆڤ لە دەوروبەری کانی و کانیاوەکانەوە ژیانیان کردووە، کە لەم توێژینەوەیەدا پۆلێنیان دەکەین، بۆ ئەمانەی خوارەوە:

### 2. 1. 1 ناوی کانی+ ناوی مرۆڤ

لە کوردستاندا بەگشتی، چەندین گوند و ناوچە و ئاوایی بەناوی کانیی و کەسێکەوە ناویان لێنراوە، وەك: (کانی وەتمان(لە دوکان)، کانی مستەفا لە (چەمچەماڵ) و کانی شابان لە (پێنجوین)،...تد، هەروەها لەسنوری شاری کۆیە و دەوروبەریشیدا، ژمارەیەك گوند بەناوی کانییەوە ناویان لێنراوە، وەك: کانی لەلە(لە تەقتەق)،کانی سلێمانە (لە سێگردکان). هەریەك لە گوندەکان، بەناوی کانیی و کەسێك یان نازناوێکەوە ناویان لێنراوە و ناوەکانیش لێکدراون.

### 2.1.2 ناوی کانی کە پەیوەندی بە بەرزی و نزمیی و جۆری خاکەوە هەیە:

ئەو گوندانەی کە ناوەکانیان لە کانییەوە بوون بە ئاوەدانی کە لە ناولێنانی کانی و بەرزی و نزمی زەوییەوە هاتوون، وەك ڕواڵەتەکانی باسك و ملەکێو وکەل و تەپۆلکە و چاڵایی و کەند و لەند و شیو و دۆڵ نموونەی ئەو گوندانەن لە کوردستانی باشوردا بەگشتی، ژمارەیەك ناوی گوند لە ناوی کانی و پەیوەندیی بە بەرزی و نزمییەوە پێکهاتوون، وەك: (کانی پانکە ـ لە شارەزوور، کانی باسك ـ لە ناوچەی مزوری، کانی دەربەند، کانی گەوهەر ـ لە ناحیەی ئاغجەلەر سەر بە شارۆچکەی چەمچەماڵ،...هتد)، لە سنوری ناوچەی کۆیە و دەوروبەریشیدا، وەك: کانی کەند، کانی دەربەند). هەریەك لە ناوەکان لێکدراون، بۆنموونە، (کانی کەند)، لە ڕووی شێوە و فۆڕمەوە پێکهاتووە لە: **(ناوی سادە(کانی) +ناوی شوێنی سادە(کەند)، واتاکەشی : بەناوی کانی و کەندەوە ناوی لێنراوە.**

### 2.1.3 ناوی گوند پەیوەندی بە کانی و هۆز و تیرەوە:

هەندێك ناوی گوند پەیوەندییان بە خێل و هۆز و تیرەوە هەیە، وەك: (کانی خێڵ ـ لە سیوەیل، کانی کرمانج ـ لە مەیدان، کانی گۆران ـ لە بەکرەجۆ..هتد)، لە سنوری ناوچەی کۆیە و دەوروبەریشیدا، وەك:(کانی کوردە، مەرزان). هەریەك لە ناوەکان، لێکدراون، بۆنموونە: ناوی کانی کوردە، لە ڕووی فۆڕمەوە، پێکهاتووە لە:

**ناوی سادە(کانی)+ ناوی سادە(کورد)+ پاشگر(ـە)، بە ناوی کانی و تیرەوە ناوی لێنراوە. بۆ ماوەیەك دوو خێزانی هۆزی کوردی لێ نیشتەجێ بووە.**

هەندێك ناوی گوندی دیکە، لە ناوی کانی ماڵ و دەڤەرەوە هاتوون، وەك: (کانی ماران ـ لە حاجیاوا و شێروانە)، کانی ماران لە بنچینەدا، لە کانی ماڵانەوە هاتووە. لە سنوری ناوچەی کۆیە و دەوروبەریشیدا، کانی بەرد، کانی ماران، کانی گوند.

ـ هەریەك لە ناوەکان، ناوی لێکدراوی شوێنن، بۆنموونە: (کانی گوند)، لە ڕووی فۆڕمەوە پێکهاتووە لە: **(ناو (کانی) + ناوی شوێن(گوند)**، واتە ناوەکە لە دوو مۆرفیم پێکهاتووە: (کانی) ناوێکی تایبەتە بە سەرچاوەی ئاو.( گوند)، ناوێکی تایبەتە بۆ شوێنی نیشتەجێبوون.

### 2 ـ 1ـ4 ناوی گوند پەیوەندی بە کانی و ڕەنگی خاکەوە:

هەندێك ناوی گوند، لە ناوی کانی و ڕەنگەوە دروستبوون، وەك: (کانی سپیکە ـ لە سەرچنار و پێنجوین و شارەزوور، کانی کەوە ـ لە چەمچەماڵ، کانی زەرد ـ لە قۆڕەتوو،...هتد)، لە ناوچەی کۆیەشدا: (کانی ڕەش، کانی سوور)، ڕەنگەکانی (سور، سپی، ڕەش، زەرد،...هتد)، بوون بە دیارخەر بۆ ناوی کانییەکان و وەك ئاوەڵناوێکی تایبەت بە ڕەنگ دراونەتە پاڵ ناوی کانی. ناوەکان، ناوی شوێنی لێکدراون، بۆنموونە: **(کانی سوور)**، ناوی لێکدراوە، شێوەی وشە(فۆرم)، پێکهاتووە لە: **ناو(کانی)+ ئاوەڵناو(سوور)**. واتاکەشی بریتییە لە: ((ناوچەکە ژمارەیەکی زۆر کانی

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp212-224

تێدا بووە، سەرجەم کانی و کانیاوەکان ئاوەکەیان بە کەڵکی خواردنەوە نەهاتوون، لەبەر سوێری(خوێداری) بەدەر لە سێ کانی نەبێ. ئەمە هۆکاری گرنگ بووە کە ناوی گوندەکە بنێن کانی سوور، هەڵبەت کانی سوور لەسەر زنجیرە شاخی (شەیتانە)ئەم شاخەش ڕەنگی (سوور)ـە، تاوەکو ئێستا ناوی کانی سوور بەسەر گوندەکەدا ناسێنراوە))،(ڕەسووڵ: 2015 : 74). واتە، بە بۆچوونی ئێمە، ناوی کانی سوور، یان لە ناوی ئاوی کانییەکانەوە هاتووە، کە بەو شێوەزارە بە تامی (سوێر)، دەوترێت: (سوور)، یان لە ڕەنگی شاخەکەوە هاتووە، کە ڕەنگی سوورە.

**2. 1. 5 ناوی گوند پەیوەندی بە کانی و ژمارەوە:**

ژمارەیەك ناوی گوند، لە ناوی کانی و ژمارەوە دروستببوون،وەك: (هەزارکانی ـ لە چەمچەماڵ و شێروانە)، سێکانی ـ لە تەقتەق و دەوروبەری کۆیەدا.

**2. 1. 6 ناوی گوند پەیوەندی بە کانی و زیندەوەر و گیانلەبەرەوە:**

هەندێك ناوی گوند، لە ناوی کانی و زیندەوەر و باڵندە و گیانلەبەرەوە پێکهاتوون، وەك: (کانی بێوکە ـ لە ماوەت، کانی مانگاـ لە پێنجوین، کانی غەزالان ـ لە هەریر، کانی ئاسکان ـ لە دەربەندیخان و هەڵەبجە، کانی کەروێشکان ـ لە سیروان، کانی ئەسپان ـ لە بەردەڕەش، کانی قرژاڵە ـ لە عەنکاوە،...تد)، لەسنوری کۆیەشدا، کانی کەوان، کانی سوسکە).

هەریەکە لە ناوەکان لە ڕووی پێکهاتەی وشەسازییەوە، ناوی لێکدراوی شوێنن، سەرەی وشە لێکدراوەکان، ناوی کانییە، دیارخەرەکەشی، ناوەکانی: (بێوکە، مانگا، غەزال، ئاسك، کەروێشك، ئەسپ، قرژاڵ، سوسکە)ن. بۆنموونە (کانی کەوان)، پێکهاتووە لە ناوی **(کانی)**، لەگەڵ ناوی**( کەو)**، پاشگری**(ان)**، کە باڵندەیەکی کێوییە تایبەتە بە ناوچەی شاخاوی، لە ماڵانیش پەروەردە دەکرێت.

**2. 1. 7 ناوی گوند پەیوەندی بە کانی و گژوگیا و ڕووەکەوە:**

هەندێك لەو گوندانەی لە کانییەوە بوون بە ئاوەدانی، لە ناوی لێکدراوی کانی و گیاوگۆڵ و ڕووەك و دارودرەختەوە هاتوون، وەك: کانی هەنجیرە ـ لە مەرگە و تانجەرۆ، کانی هەرمێ ـ لە گەرمکی پێنجوین، کانی مازوو ـ لە دوکان، کانی کوزەڵە ـ لە شارباژێڕ، کانی باوی ـ لە ئاکرێ،کانی توو ـ لە ناحیەی بنگرد، کانی گوێز، کانی گێوژ،کانی مێو لە شارۆچکەی دوکان، لە سنوری کۆیەشدا: کانی هەنجیر، کانی بی، کانی پەلك).

ئەگەر تێبینی بکەین، ناوەکان، ناوی شوێنی لێکدراون، لە ناوی کانی و ناوی ڕووەکێك، یان سەوزەیەك پێکهاتوون، ناولێنانەکەش پەیوەستە بە خاسیەتی ناوچە و دارەکەوە، بۆنموونە، ناوی (کانی بی)، لە ڕووی فۆرمەوە پێکهاتووە، لە: **(ناوی شوێن(کانی) +ناوی ڕووەك (بی))**، واتاکەشی بە ناوی کانی و داری بییەوە ناوی لێنراوە. ((سەرەتای هاتنی خەڵکی بۆ گوندی کانی بی، زیاتر لەسەر (کانی)یەك ژیاون کە لە نێوەڕاستی گوندەکە بووە و خەڵکی کاروبارەکانیان ڕاپێ کردووە، لە دەوروبەری کانیەکە چەندان ڕەە بی (داربی) هەبووە، ئەمە سەرەتایەك بووە بۆ ئەوەی ناوی گوندەکە بە (کانی بی) بناسرێ))،(ڕەسووڵ: 2015 : 96).

لە کۆتاییدا بۆمان دەردەکەوێت، کە بەشێکی زۆری گوند و لادێیەکانی کوردستان و دەروبەری شاری کۆیە، لە ناوی کانی لەگەڵ ناوێکی دیکەی سادەدا ناویان لێنراوە، ناوە سادەکەش، یان پەیوەندی بە ناوی کەسایەتییەکەوە هەیە، یان پەیوەندی بە هۆز و تیرە و عەشیرەتەوە هەیە، یان پەیوەندی بە ڕەنگی خاك و زیندەوەر و گیانلەبەر و ژمارە و گژوگیا و ڕووەکەوە هەیە، ناوەکانیش لێکدراون، لە دوو مۆرفیمی سادەی واتادار، یان دوو مۆرفیمی سادەی واتادار و پێشگر، یان پاشگر، یاخود پێشگر و پاشگرێك پێکهاتوون، جگە لەناوی گوندەکان، ژمارەیەکی زۆر لە شوێن و پارچەزەوی گوند و لادێیەکانیش بەناوی کانییەوە، ناویان لێنراوە، وەك: ناولێنانی ئاقارێك، پارچە زەوییەکی گوندێك، بەناوی کانی پەیوەست بە ئاییەنوە: وەك: (کانی مەلایان)، هەروەها ناولێنانی پارچەزەوی گوندەکان، بەناوی کانی و پیشەگەرییەوە، وەك: کانی قەتارچییان، هەندێك لە ئاقاری گوندەکان، بەناوی کانی و کەش و هەواو و ساردی و گەرمییەوە، ناویان لێنراوە، وەك: کانی گەرماوە (ئاقارێکی گوندی کانی لەلەیە)، هەندێك ئاقاری دیکەی گوندەکان، بەناوی کانی و زیندەوەرەوە ناویان لێنراوە، وەك: کانی زەنگەسۆرە.

ـ لەم هێلکارییەی خوارەوەدا نموونەیەك لەم ناوانەی سەرەوە وەردەگرین و لە ڕووی شێوەی پێکهاتن و ناوەڕۆکەوە شیکردنەوەی بۆ دەکەین:

نەخشەی(1)

پێکهاتەی شێوە و ناوەرۆکی ناوی (سێکانی)

| ناوی لێکدراو | شێوەی وشە(فۆرم) | واتا |
|---|---|---|
| سێکانی | ژمارە(سێ) + ناو (کانی) | بە ناوی سێ کانییەوە ناوی لێنراوە، لەم ڕووەوە خەڵکی گوندەکە سێ بیروبۆچوونیان هەیە :( 1ـ بەهۆی هەبوونی هەرسێ کانی(کانی لولە و کانی قوڕە و کانی سێکانی). 2ـ هەندێك پێیان وایە بە کانیەکانی (گەرماوە، تەلان، قولەتێنی مزگەوت) بە هەرسێکیان وتراوە سێکانی. 3ـ دەوترێت تەنها بەهۆی یەکێك لە کانییەکانەوە ناوی لێنراو، ئەویش ناوی کانی (سێکانی)بووە. (ئیلنجاغی، 2014، 148). |

**2. 2 ناولێنانی گوند، بە ناوی ڕەنگی بەردەوە:**

هەندێك لە گوند و لادێیەکانی کوردستانی باشور بەگشتی و دەوروبەری شاری کۆیە، بە ناوی ڕەنگی بەردەوە ناویان لێنراوە، وەك: (بەردە شین ـ لە شارباژێڕ، بەردەسۆر ـ لە کەلار، بەردەڕەش ـ لە ئاکرێ، بەردەزەرد ـ لە شارباژێڕ، لە کۆیەش: بەردەسپی لە (سێگردکان). ناوەکان لێکدراون، لە دوو مۆرفیمی سادەی واتادار، یان دوو مۆرفیمی سادەی واتادار و زیادەیەك پێکهاتوون.

**2. 3 ناولێنانی گوند بە ناوی گردەوە:**

ژمارەیەك لە گوند و لادێیەکانی کوردستان بە گشتی و دەوروبەری شاری کۆیە، بە ناوی گرد و تەپۆلکەوە ناونراون، بەزۆریش ڕەنگی گرد و تەپۆلکەکان، یان شێوە و هەڵکەوتەیان بوون بە بنەمای ناولێنانەکە، ناوی ئەو گرد و تەپۆلکانەی کە نزیکی دانیشتوان و گوندەکانن، بوون بە بنەمای ناولێنانی گوندەکە. لە باشوری کوردستاندا، نموونەیەکی زۆری ناوی گوندەکان بەرچاو دەکەوێت، کە گرد پێکهاتەی سەرەکی ناولێنانەکەن، وەك: (گردەڕەشە، گردەبۆر، گردەسۆر، گردجۆتیار، بنگرد، گردخێوەت، گردجان، بنگردان، گردەدێوانە، گردەهار، گردەبۆر، گردخەبەر، گردگۆران، دوگردکان)، لە ناوچەی کۆیەشدا: (سێگرکان، گردەشینە، گردەملا، گرتك، سیاقوڵی گرتك،...هتد). لە هەندێك گوندا، ناوی شاخ یان گردێك بەناوی دابونەریتێکەوە کراوە، کە تێیدا کراوە، یان بەناوی جۆرە خواردنێکەوە کراوە، کە لێی کراوە، یان لێی هەڵگیراوە، وەك: (شاخی بوکێ، گردی داندۆکان)، کە دوو پارچەزەوی گوندی سیاقەن (گۆمەتاری، 2022، 107). هەردوو ناوی (بوك) و

(داندۆك)، لە ناولێنانی ئاقاری دیکەش دووبارەی بوونەتەوە، لە شارۆچکەی تەقتەق، (گردی عروسە) هەیە.

**4 .2 ناولێنانی گوند بە ناوی گۆمەوە:**

هەندێك لە گوندەکان، بە ناوی گۆمێگەوە ناویان لێنراوە، کە لە ناوچەکەوە نزیك بوون، بۆی هەیە بە ناوی ڕەنگی خاکی گۆمەکە، یان شێوەی ئاوەکەیەوە، ناویان لێنرابێت، وەك :(گۆمەشین، گۆمەسپان، گۆمەتاڵ،...هتد).بۆنموونە،گۆمەشین: ناوی لێکدراوە، شێوەی وشە (فۆڕم)، بریتییە لە: **ناو(گۆم)+ ناوبەند(ـە) + ئاوەڵناو(شین)،** بەناوی گۆم و ڕەنگی شینەوە ناوی لێنراوە، واتە خاکەکەی یان ئاوەکەی ڕەنگی شینە. ئەم گۆمە بەردەوام ئاوی لەناو وەستاوە و مەنگ بووە، ڕەنگی ئاوەکە شین درەوشاوەتەوە.

**5 .2 ناولێنانی گوند بەناوی قەڵاوە:**

هەندێك گوند و ناوچە، بەناوی قەڵایەکەوە ناویان لێنراوە، کە ناوەکانیان لێکدراون،بەشێکی ناوەکە وشەی (قەڵا_قەلات)ـە، بەشەکەی دیکەی ناوەکە، یان ناوی کەسێکە، یان پادشایەکە، یان نازناوی کەسییە، یان ڕەنگی خاك و قەڵایەکەیە، وەك: (ساتۆقەڵا، سورەقەڵا، حاجی قەڵا،...هتد)، بۆنموونە پێکهاتەی شێوە و فۆرمی ناوی (حاجی قەڵا)، بەمجۆرەیە:
لە ڕووی فۆڕمەوە پێکهاتووە لە: **نازناو(حاجی) + ناوی شوێن(قەڵا)،** لە ڕووی واتاییەوە، بۆچوونی جیاواز لەبارەی ناولێنانی شوێنەکەوە هەیە، یەکێك لە بۆچوونەکان پێی وایە : (ناوی گوندەکە لەناوی (قەڵا)یەکەوە هاتووە لە پشتی ئاوایی لەنێوان ئەو گەلیییە، کە لە شاخی هەیبەتسولتاندایە، لەکۆندا کۆمەڵێك ماڵ تێیدا نیشتەجێبوون یەك لەو ماڵانە ماڵی (حاجی) بووە، لەگەڵ ناوی قەڵاتەکە تێکەڵ بووە، بەشێوەی ئاخاوتنی ناوچەکە بووە بە (حاجی قەرا)، چونکە گوندی حاجی قەڵا لە بناری هەیبەسوڵتان دەنگی [ڵ] بە [ر] گۆدەکەن))،(سلام، ئیلنجاغی، یوسف، 2023، 29).

**6 .2 ناولێنانی گوند بەناوی ژمارەوە:**

ژمارەیەك گوندو ناوچەی کوردستان، بە ژمارە دەستپێدەکەن، کە دەلالەت لە ژمارەی کانی یان ڕووەك یان دیاردەی سروشت یان ناوی کەسایەتی دەکەن، وەك : ( سێقوچان، سێبەردان، سێبیران، لە سنوری کۆیەشدا:سێکانی، چوارجوتیار ...تد).
پێکهاتەی شێوە و واتای وشەی (سێبەردان)، بەمجۆرەیە، ناوێکی لێکدراوە، پێکهاتووە لە: **ژمارە+ناو+مۆرفیمی کۆکردنەوە(ان)**، لە ڕووی واتاییەوە، بەناوی سێ بەردەوە ناوی لێنراوە، کە لەو ناوچەیەدا بوونیان هەبووە. هەروەها ناوی شوێنی(سێکانی)، کە سەر بە ناوچەی کۆیەیە، ناوێکی لێکدراوە، لە: ژمارە+ ناو، پێکهاتووە، لە ڕووی واتاییشەوە، بەناوی سێ کانییەوە ناوی لێنراوە، کە لەناوچەکەدا هەبووە، پێشتر ڕوونمان کردۆتەوە.

**7 .2 ناولێنانی گوند بەناوی مرۆڤ و کەسایەتییەوە(ڕەگەزی نێر):**

ژمارەیەك لە گوندەکانی کوردستان بە ناوی مرۆڤ و کەسایەتییەوە ناویان لێنراوە، جا ئەو کەسانە یان بۆ یەکەمجار ئەو ناوچانەیان ئاوەدان کردۆتەوە، لەم بارودۆخەدا ژمارەیەك ناوی شوێن و ناوچە و گەڕەك و گوند، مۆڕفیمی (ئاوا)یان دەچێتەسەر و بەو هۆیەوە، ناوی شوێنی لێکدراو دروست دەبێت، ئەم مۆرفیمە، بەزۆری دەچێتە سەر ئەو ناوانەی، کە بۆ یەکەمجار ئەو ناوچە و شوێنەیان ئاوەدان کردۆتەوە، یان ناوی هۆزێکە و لەو ناوچەیەدا نیشتەجێبوون، یان گەڕەکێکە بەناوی گوندێکەوە کراوە، وەك :( عەلیاوە، جەوهەراوە، سەیداوە، مەنتکاوا، ئەحەمەداوا)،لە ناوچەی کۆیەشدا: شەوگێڕاوە، جەلالاوە، داوداوا،...تد)، هەریەك لە ناوەکان ناوی لێکدراوی شوێنن، لەناوی مرۆڤێك و مۆرفیمی (ئاوا_ اوا)، پێکهاتوون، بۆنموونە: ناوی (داوداوا)، ناوی لێکدراوە، پێکهاتووە لە: ناو(داود) + مۆرفیمی (ئاوا)، ناوی گوندەکە، لەناوی (داود)ـەوە هاتووە، کە یەکەم کەس بووە، ناوچەکەی ئاوەدان کردۆتەوە، (ئاوا)، مەبەست لە ئاوەدانی ناوچەکەیە. ناوی (سمایلاوا)، ناوی لێکدراوە، پێکهاتووە لە: ناو(سمایل)+ اوا(ئاوا). ناوی گوندەکە، لە ناوی (سمایل)، لەگەڵ مۆڕفیمی (ئاوا)، پێکهاتووە، کە لێرەدا بۆ ناولێنانی شوێن سودی لێوەرگیراوە.
ناوی (شەوگێڕاوە)، هەرچەندە، پاشگری(ئاوا_ اوا)ی پێوەیە، بەڵام لەناوی کەس و پاشگری(ئاوا)، پێکنەهاتووە، بەڵکو لە پیشە و کاری خەڵکی ناوچەکەوە هاتووە،
ـ هەندێك لە ناوی گوندەکانی دیکە بەناوی کەسایەتییەکی ناوداری ناوچەکەوە کراوە، یان کەسێك کە ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی لە ناوچەکە و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکەدا هەبووە،یان خاوەن موڵك بووە و زەوی و زارێکی زۆری هەبووە، وەك: ( مام مەحمودە، مام قلینج، حەمەبایزان، بایزاغا (بایزئاغا)، میرسەید، حاجی کاکۆل، حاجی وسو، ڕەسولبچکۆڵ(بسکۆڵ)، بایزئاغا، ناسرئاغا، چۆم حەیدەر، ئەلیاسەسوورە(ناحیەی ئاشتی)،شەمەخڕ...هتد).
ئەگەر سەیری ئەم ناوی شوێن و گوندانە بکەین، تێبینی ئەوە دەکەین، کە هەریەکەیان ناوی کەسێك، یان نازناوێکیان تێدایە، بارودۆخی ناولێنانەکەش لەهەریەکێکیاندا بەجۆرێکە، لە ڕووی پێکهاتەی وشەسازییەوە ناوی شوێنی لێکدراون ، بۆنموونە: ناوی (دۆڵی سماقوڵی)، بۆچوونی جیاواز لەبارەی ئەم ناوی شوێنەوە هەیە، ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردووە، لە زۆربەی سەرچاوەکاندا، کە باسی ئەم ناوی شوێنەیان کردووە، پێیان وایە: لە ناوی (ئیسماعیل)ـەوە، کە ڕەشئەسمەر بووە، هاتووە، ئەم ناوە بە پڕۆسەی بچووککردنەوەی ناودا تێپەڕبووە، (ئیسماعیل)، بووەتە(سمە)، ڕەش ئەسمەر بووەتە(قولی)، بەمجۆرە(سمەقوڵی)، دواتر لە گۆکردندا بووەتە(سماقولی). ناوێکی لێکدراوە، پێکهاتە و شێوەی مۆرفۆلۆجی وشەکە، بریتییە لە:( ناو(ئیسماعیل) +ئاوەڵناو (قوڵی))، (کێخوا عەبدە، 2024، 25).
بۆچوونێکی دیکە، پێی وایە: کە ناوی سماقوڵی لە ڕووەکی سماقەوە هاتووە(وارگۆتی)، ئێمە پتر لەگەڵ بۆچوونی دووەم داین، کە ناوی (سماقوڵی)، لە ناوی ڕووەکی سماقەوە هاتبێت، لەبەرئەوەی بنچینەی بۆچوونی یەکەم لە ئێستادا، بەڵگەی تۆمارکراوی لەسەر نییە، تەنیا قسە و بۆچوونی ناوچەکەیە، هۆکاری دووەمیش ئەوەیە: کە چەند گوند و پارچەزەوییەکی دیکەش لە کوردستانی باشوردا، لە ناوی سماق و پاشگرێك، یان پێشگرێك دروستبوون، یان ناوی لێکدراون، وەك: (سماقە، سماقۆرە، سماقشیرین، ...تد).
ناوی چەند شوێن و گوندێکی دیکەش لە ناوی (سماقوڵی)، بوونەتەوە، وەك: (سماقوڵی سەروچاوە)، ناوێکی لێکدراوە، شێوەی وشەکە پێکهاتووە لە: (ناوی لێکدراو(سماقوڵی) +ناوی لێکدراو(سەروچاوە)، لە ڕووی واتاییەوە: ( ئەم گوندە، سەروچاوە، ئاو و کانیاوی زۆربووە، سەرچاوەیەکی ئاوی شیرین و سروشتی زۆری هەبووە، لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا، واتە سەرچاوەی ئاوەکە بووەتە بەشی دووەمی ناوە لێکدراوەکە. (س .پ:25). ناوی (سماقوڵی گرتك)، لە ڕووی شێوە و فۆڕمەوە

، پێکهاتووە لە: ناوی لێکدراو(سماقوڵی) +ناوی دارێژراو(گرتك)، گرتك: (گرد) +پاشگر(ك)، دەنگی (د)، گۆڕاوە بۆ دەنگی (ت). لە ڕووی واتاییەوە: چەند سەرچاوەیەك بۆچوونیان وایە: وشەی گرتك لە گردێکەوە هاتووە، واتە گردەخڕ لە (س .پ:26). ناوی (سماقوڵی گەلی)، لە ڕووی شێوە و فۆڕمەوە پێکهاتووە لە: ناوی لێکدراو(سماقوڵی) +ناوی سادە، لە ڕووی واتاییەوە: مەبەست لە گەلی، گەلی باسرمێیە، ئەو گەلییە، ڕێڕەوی ئاوەکەی پێدا دەڕوات بۆ گوندی جەلی.

هەندێك لە ناوەکان، مێژوویین، بۆچوونی جیاواز لەبارەی ناولێنانەکانەوە هەیە، بۆنموونە: یەکێك لە بۆچوونەکان، پێی وایە، کە ناوی (ساتۆقەڵا)، لەناوی پادشایەکەوە هاتووە ( (ساتۆقەڵا) ناوی گوندێکی شارەدێی تەقتەقە، ناوێکی لێکدراوە، شێوەی وشە و پێکهاتەی مۆرفۆلۆجی پێکهاتووە لە: ( ناو(ساتۆ) + ناو(قەڵا) )، (ناوی گوندەکە ، لەناوی پادشایەکەوە هاتووە، کە بەر لە زایین، فەرمانڕەوایی لەو قەڵایەدا کردووە، بەناوی (ساتۆ) یان (ساتۆنی) کە پادشای میللەتە دێرینەکانی کوردستان لۆلۆییەکان بووە، لە سەدەی بیست و سێیەمی پێش زایین بەرانبەر (نەرام سین ) ی ئەکەدی جەنگاوە)، (ئیلنجاغی: 2013:15).

ـ ناوی(**حاجی وسو**): ناوێکی لێکدراوی شوێنە، لە ڕووی فۆڕمەوە پێکهاتووە لە: نازناو(حاجی) + ناو(وسو)، ناوی گوندەکە لە دوو مۆرفیمی سەربەخۆ پێکهاتووە، وشەی(حاجی) وشەیەکی وەرگیراوە، بەکاریگەری ئاینی ئیسلام لە زمانی عەرەبییەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردی، بە کەسێك دەگوترێت کە حەجی کردبێت. وشەی (وسو)، ناوی مرۆڤە لە زمانی کوردیدا ئەو ناوە هەیە.

ـ ناوی (ئەلیاسە سوورە)، لە ڕووی فۆڕمەوە پێکهاتووە لە: ناو(ئەلیاس) +ناوبەند(ـە)، ئاوەڵناو(سوور) +پاشگر(ـە)، ناوێکی لێکدراوە، پێکهاتووە لە: ناوی مرۆڤ بۆ ڕەگەزی نێر، لەگەڵ ئاوەڵناوی تایبەت بە ڕەنگ(سوور)، لەگەڵ پاشگری (ـە).

ـ ناوی(ناسراغا)، لە ڕووی فۆڕمەوە پێکهاتووە لە: ناو(ناسر)+ ناو(ئاغا)، ناوێکی لێکدراوە، پێکهاتووە لە: ناوی (ناسر)، کە ناوێکی تایبەتە بە ڕەگەزی نێر، لەگەڵ نازناوی (ئاغا)، کە بۆ وەسفکردنی ناوی ناسر بەکارهاتووە (ئیلنجاغی، 2014، 95).

### 8 .2 ناولێنانی گوند بەناوی ڕەگەزی مێینەوە:

هەندێك لەناوی گوندەکان، بەناوی ڕەگەزی مێینەوە، ناویان لێنراوە، وەك: (نازەنین، هیران، سکتان)، هەرسێ ناو لە بنچینەدا، ناوی ڕەگەزی مێینەن، ناوی مێینەی مەسیحین، لەپێش ئیسلامدا. سەبارەت بە گوندی نازەنین: گوندێکە لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە ناحیەی سکتانە، بە دووری(41) کیلۆمەتر لە باکوری خۆرئاوای شاری کۆیەدا هەڵکەوتووە، هاوسنوورە لەگەڵ (سناوە، هیران، سماقوڵی گرتك، سماقوڵی سەروچاوە، کاموسەك، کۆلکە ڕەش).

ناوی گوندی(نازەنین)، بیروبۆچوونی جیای لەسەرە، یەکێك لەو بیروبۆچوونانە پێی وایە: ئەمانە دوو خوشك بوون، یەکێکیان دەکەوێتە هیران و ئەوەی دیکەیان دەکەوێتە نازەنین(سەلام،ئیلنجاغی،یوسف(ئینسکلۆپیدیا)، 2023، 181).

### 9 .2 ناولێنانی گوند بەناوی شێخ و پیر و پیاوچاکەوە:

هەندێك لەناوی شوێنە جوگرافییەکانی هەرێمی کوردستان بەناوی پیاوانی خواناس و چاك و پیرەوە کراون، وەك: (پیرداود، پیرڕەش ـ پیرەش، پیرمەم، پیرزین، سەیدئەمین، سەید عوبێد، سەیدۆکە، شێخەلاس، شێخ گەزنە،...تد)، (بزێنی 2015: 46). لەسنوری ناوچەی کۆیەش، چەند ناوچەیەکمان هەیە، کە ناوی ئاینییان هەیە، وەك: (مەلازیاد، ئیلەڵا، فەقێیان، ئۆمەرگونبەت شێخ ئەلوان(شێخەروان).

ـ هەریەك لە ناوەکان، ناوی شوێنی لێکدراون، نازناوی ئاینی (پیر، سەید، مەلا، فەقێ، شێخ)یان لەگەڵدا هاتووە. بێگومان هەڵبژاردنی ئەم ناوانە پەیوەندی بە سەردەم و کات و شوێن و بیروباوەڕی خەڵکی ناوچەکانەوە هەیە، کە ئەمانە لەلایان پیرۆز بوون، بۆیە شوێنەکانیان بەو ناوانەوە ناو لێناوە. بۆنموونە: ناوی (ئۆمەرگومبەت)، ناوێکی لێکدراوە، پێکهاتووە لە: ناو(ئۆمەر)+ ناوی شوێن(گومبەت). خەڵکی ئۆمەرگومبەت، بۆچوونیان وایە: کە ئەم ناوە لەناوی (چاکێك)ەوە هاتووە، کە کاتژمێرێك لە سەرووی خۆرئاوای گوندی ئۆمەرگومبەتەوە دوورە.

### 10 .2 ناولێنانی گوند بەناوی ئاژەڵ و باڵندەوە:

هەندێك لە گوندەکان بەگشتی و سنوری ناوچەی کۆیە بەتایبەتی، بەناوی ئاژەڵ و باڵندەوە ناویان لێنراوە، کە گوزارشتە لە ڕۆڵ و دیاربوونی ئاژەڵ و باڵندە لەو ناوچانە، وەك: (کونە سە (لە بناری کێوەڕەش لە ڕانیە) کونە مشکە(لە سەردەشت)، کونەمار (لە دەڤەری دۆڵە مەڕ لە دهۆك)، کونە سیخور(لە خەلیفان)، کونە قەڵ( لە بناری بەمۆ)، لە ناوچەی کۆیەش(کونە گورگ، قوڕەبەرازە،...تد)، لە ڕووی شێوە و پێکهاتەی مۆرفۆلۆجییەوە، هەریەك لە ناوەکان لێکدراون، سەبارەت بە واتاکانیشیان، بۆچوونی جیاواز هەیە، بۆنموونە بیروبۆچوونی جیاواز لەسەر ناوی (کونەگورگ)، هەیە، وەك: ئەو شوێنە خاکەکەی گڵەکەی، گرەجانێکی باشی هەبووە، بۆ خۆشوشتن و نەخۆشی و هەستیاری پێست بەکارهاتووە، بەشێوەزاری کۆیە و ئەو ناوچەیەش بە (گڵ)، دەوترێت(گر)، واتە: ناوەکە (کونە گر) بووە، دواتر گۆڕانی فۆنۆلۆجی بەسەردا هاتووە، بووە بە (کونەگرك ـ کونە گورك ـ کونەگورگ)، (زێودەر،84،2014). بەڵام بە بۆچوونی ئێمە وشەی (کونە گورگ)، بە مانای (لانەی گورگ) دێت، لەناوی ئاژەڵی گورگەوە هاتووە.

### 11 .2 ناولێنانی گوند بە ناوی کێل و گۆڕستانەوە:

هەندێك لە گوندەکانی کوردستان، بە ناوی قەبر و گۆڕستان و کێلەوە ناویان لێنراوە، یان بەناوی کەسێکەوە لە گۆڕستانەکە، یان بەهۆی تایبەتمەندی گۆڕستانەکەوە، ناویان لێنراوە، وەك: (گوندی گۆڕی ئەسپ لە کەلار)، هەروەها لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش، هەندێك گوند بەناوی گۆڕ و قەبرەوە ناویان لێنراوە، وەك: گوندی قەبرحوسێن ( لە خانێ)، گوندی (پاشقەبران) لە سەردەشت ـ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گوندی (قەبر تەها) لە کوردستانی ڕۆژئاوا، لەسنوری کۆیەش: گوندی (قەبرەبەتانۆك)، واتە زمانییەکەی بریتییەلە (قەبری بە تەیمان)، ئەم ناوچەیە لە چاڵاییەکە و هەر چواردەورەی بە گرد دەورە دراوە بۆیەش ئەو ناوەی لێنراوە، هەروەها هەندێك گوندی دیکە، بەناوی (کێل)ـەوە، ناویان لێنراوە، وەك: (کێلەسپی، کێلەزیندان، ...هتد).

### 12 .2 ناولێنانی گوند بەناوی خاسیەت و شوێنی جوگرافییەوە:

هەندێگ لە گوندەکانی کوردستان، بەناوی خاسیت و سروشتی جوگرافیای ئەو ناوچەوە ناویان لێنراوە، کە تێیدا هەڵکەوتوون، وەك: (بانەگوڵان، چاڵاو، بانی ماران، بامۆرتکان، کفرەدۆڵ، چنارۆك، داربەڕوولە، ...هتد)، ژمارەیەکی زۆری ئاقار و پارچە زەوی و دۆڵ و گردەکانی گوندەکانیش بەناوی جۆری ئەو ڕووەکەی کە لەناوچەکەدا هەن، ناویان لێنراوە، وەك:( زەوی سوڕناتکدار)، لە ڕووی

وشەسازییەوە ناوێکی لێکدراوی شوێنییە، پێکهاتووە لە: ( **ناو(زەوی) +ناو(سورِناتك)+پاشگر(دار)**، واتاکەشی بریتییە لە زەوییەك کە جۆرەگیاییەکی خۆڕسکی لێبووە، بەناوی(سورِناتك).

**2. 13 ناولێنانی گوند بەناوی هۆز و خێڵ و تیرەوە:**

هەندێك لە گوندەکان، بەناوی هۆز و خێڵ و تیرەوە، ناویان لێنراوە، واتە چ هۆزێك یان خێڵ و تیرەیەك لەو گوندە هەیە، گوند و ئاواییەکە، بەو ناوەوە ناوی لێنراوە، وەك: (کافرۆشیان، حەمەبایزان، گورزەیی،...هتد).

**2. 14 ناولێنانی گوند، بەناوی ڕووەك و دارەوە:**

هەندێك لە گوندەکان، بەناوی (دار)ەوە ناویان لێنراوە، وەك: (دارەشمانە، دارەتوو، دارەخورما،دارەقوتە، دارەونکە، دارەبەن، دارەمەزن، دارئەختیار، داربەسەر، ...هتد).

ـ ناوی (داربەسەر)، بۆچوونی جیاوازی لەسەر هەیە، وەك: هەندێك دەڵێن: لە (داری بانی سەرێ)ەوە هاتووە، واتە ئەو دارەی لەسەر بەرزایی و پانکی نزیك شوێنی گوندەکە بووە. بۆچوونێکی دیکە پێی وایە: ناوەکە (دارەبەنە) واتە دارقەزوان(بنێشت) جۆرە دارێکی خۆڕسکی ناوچەی شاخاوی و زورگە، دوو دارەبەن لەو شوێنەدا هەبووە، یەك لە شوێنی داربەسەری گەورە، ئەوی دیکە لە داربەسەری خواروو( گۆمەتاری، 2022، 5) هەرێمی کوردستان، هەروەها ناوی (سێ داران)، ناوی پارچەزەوییەکی گوندی (بەرد بڕ)ە، لە ڕووی وشەسازییەوە، پێکهاتووە لە: (ژمارە(سێ) + ناو (دار) + پاشگر(ان)، واتاکەش بریتییە لە: شوێنێك کە سێ داری زۆر گەورەی لێبووە.

ـ گێوژۆك، ناوی پارچە زەوییەکی گوندی(بەرد بڕـ بەر بۆر)ە، ناوێکی داڕێژراوە، پێکهاتووە لە: (ناو (گێوژ) + پاشگر(ۆك)، واتاکەشی بریتییە لە: گێوژ دارێکی خۆڕسکی بەردارە، شوێنەکە دار گێوژی لێبووە، بۆیە بە (گێوژۆك) ناسراوە، کە ناوی شوێنە، پاشگری (ۆك)، لێرەدا، ناوی شوێنی دروستکردووە.

**2. 15 ناولێنانی گوند، بەناوی ئەشکەوتەوە:**

هەندێك لە گوند و شوێن و ئاقارەکان، بەناوی ئەشکەوتەوە کراون،وەك: (ئەشکەوت سەقا، ئەشکەوتی سەقەران،...هتد).

ـ ناوی ئەشکەوت سەقا، لەڕووی شێوەوە، ناوێکی لێکدراوە، پێکهاتووە لە: (ناو(ئەشکەوت)+ناو(سەقا)، واتاکەشی بریتییە لە ئەشکەوتێك کە، کەش و هەوایەکی ساردی هەبێت. ناوی (ئەشکەوتی سەقەران)، ئاقاری گوندی ڕسول بسکۆڵە، لە ڕووی شێوەوە، ناوێکی لێکدراوە پێکهاتووە لە: (ناو(ئەشکەوت)+ناو(سەقەر)، واتاکەشی لە ناوی ئەشکەوت و باڵندەی سەقەرەوە هاتووە(گۆمەتاری،2022،304).

**2. 16 ناولێنان بەهۆی ئاوەڵناوەوە:**

هەندێك لە گوندەکان بەهۆی ئاوەڵناوێکەوە، کە وەسفی شوێنەکە دەکەن ناویان لێنراوە، جا وەسفکردنەکە، چ بەهۆی ئاو و هەوا و ساردی و گەرمی شوێنەکەوە بێت، یان بەهۆی وەسفی ئاوی شوێنەکە، یان خاکەکەی یان بارودۆخی ناوچەکەوە بووبێت، بۆنموونە: ئاوەدانی و چۆڵبوونی ناوچەکە، یان ڕوخان و چاکبوونەوەی و دووبارە ئاوەدان کردنەوەی لە شوێنی تێکچوونەکە، یان لە شوێنێکی دیکەوە، بۆتە هۆی ناولێنانی شوێنەکە، هەندێك لە ناوی گوند و ئاقار و پارچەزەوی گوندەکان، بەناوی (خرابە، غرابە، کاولان، کەیلان، کاولەئاشان(کاولاشان))، ناویان لێنراوە، واتە هەڵبژاردنی ناوەکان، پەیوەستە بە ناوەرۆك و بارودۆخی ناوچەکەوە، بۆنموونە: (کەندی کاولان)، لە گوندی داربەسەری گەورە، کەندێکی قووڵە، شوێنەواری کۆنە گوندێك لە دۆڵەکەیە، دانیشتوانی گوندەکە دەڵێن: ((لە ڕابردوودا گوندەکە لەو شوێنە بووە و دواتر تێکچووە و ڕوخاوە))، ( گۆمەتاری،2022، 21)، ناوی پارچەزەوی (کاولاشان)، پێشتر لەو شوێنەدا ئاش هەبووە و کاری کردووە، دواتر ئاشەکان نەماون و لەکار کەوتوون، بۆیە ناو لە شوێنەکە نراوە: کاولاشان.

ئەوەی جێگای تێبینییە، ئەو ناوچانەی کە پێشتر تێکچوون، بەپێی شێوەزاری ناوچەکان چەند وشەیەکی وەك: (خراپە ـ خرابە، کاولان، کەیلان)، بۆ ناولێنانی گوندەکان بەکارهاتوون.

هەندێك شوێن و ناوچە، بەهۆی جۆری دارێکەوە یان ڕووەکێکی خۆڕسکەوە کە لەوناوچەیەدا هەیە وەسف و ئاوەڵناوێك وەردەگرن و بەو ناوەوە ناویان لێ دەنرێت، ئاقار و شوێنێك کە( کەنگری) زۆر لێ بڕوێت و بەو ڕووەکە بەناوبانگ بێت، بەناوی ئەو ڕووەکەوە ناوی لێدەنرێت، وەك : ناوی **(کەنگراوی)**،کە ناوی شوێنە، پێکهاتووە لە: **(ناو (کەنگر) + پاشگری(اوی)**، جێگای تێبینییە، ژمارەیەکی زۆری ناوی ئاقار و گوندەکان بەناوی کەنگرەوە ناویان لێنراوە، بەڵام سەبارەت بە پێکهاتەی شێوە و پاشگرەکەوە، لەوانەیە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بگۆڕێت، لەهەندێك ناوچەدا ناوەکە **(کەنگردارە)،** ناوی شوێنە پێکهاتووە لە:

**(ناو(کەنگر) + پاشگری(دار)**. واتە: هەندێك لە گوندەکانی سنوری لێکۆڵینەوە، بەپێی کەش و ئاو و هەوای ناوچەکە، یان بەپێی جۆری ئاو یان کانییەك کە لە ناوچەکەدا ئاوەکەی سارد یان گەرم بووبێت، بەهۆی ئاوەڵناوەوە ناوی لێنراوە، وەك: (گەرمك، سارتك، خرابە، سوێرِەڵە).

ـ هەریەك لە ناوی گوندەکانی (**گەرمك، سارتك، خرابە سوێرِەڵە**)، ناوی داڕێژراوی شوێنن، بۆنموونە: (**خرابە**)، ئاوەڵناوێکی داڕێژراوە، پێکهاتووە لە: **ئاوەڵناو(خراپ) + پاشگری (ـە)**، سەبارەت بە واتا و ناولێنانی گوندی (خرابە)، بیر و بۆچوونی جیاواز هەیە، وەك: (خرابە مێژوویەکی دورودرێژی هەیە، لەنێو ئەو مێژووەدا، زۆرجار شەڕ ڕوویداوە، چ شەڕی نێوخۆیی بووبێت، چ شەڕی دەرەکی. سەرجەم ئەو شەڕانە کاریگەری نەرێنی لەسەر خەڵکی گوندەکە هەبووە، بەردەوام خانوو ڕوخێنراوە و کاولکراوە، بەڵام لەدوای ماوەیەك ناوچەکەیان ئاوەدان کردۆتەوە، لەکاتی چوونی خەڵکەکە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە، وتوویانە دەچین بۆ ئەو ناوچەیەی خراپ بووە و تێکدراوە، لە دوای ئەمە ناوەکەی بە خرابە ڕۆیشتووە) ،(ڕەسووڵ 2015، 20). لە سەرچاوەیەکی دیکەدا هاتووە،کە ئەم وشەیە لە کوردەواریدا بۆ ئەم شوێنە بەکاردێت کە لە کۆندا ئاوەدان بووە و ئەمڕۆ ئاوەدان نییە و قشڕاغ و مێرابی کاولە خانوو، گۆزە و کەلوپەلی چەندین ساڵ لەمەوبەر بەکارهاتووی لێدۆزراوەتەوە، کەواتە گوندی خرابە بە مانای (کاولان یان کاولە هەوار دێت.(شێخ بزێنی، 2015، 112). هەروەها **ناوی کاولان**، لە ڕووی فۆڕمەوە پێکهاتووە لە: **ئاوەڵناو+ مۆرفیمی کۆکردنەوە(ان)**، کە لێرەدا بەمەبەستی شوێن بەکارهاتووە، مەبەست ئەو شوێنەیە، کە کۆی خانووە کۆنەکانی کاول بوون.

ـ **ناوی سارتك**، لە ڕووی فۆڕمەوە پێکهاتووە لە: **ئاوەڵناو(سارد)+ پاشگر(ك)**، بەبۆچوونی ئێمە، ناوی(سارتك)، لە وشەی (سارـ سارد) و (تکە)، پێکهاتووە، دواتر بە گۆڕانی فۆنۆلۆجیدا، تێپەڕیوە، بووە بە، (سارتك)، لە فەرهەنگی هەمبانە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp212-224

بۆرینەدا هاتووە: وشەی(سار)، لە زمانی کوردیدا پێچەوانەی (گەرما)یە، هەروەها(سارداو، سارداوە، ساردك) شوێنێکە لەژێر زەمیندا هەڵدەکەندرێت، بۆ ئاو ساردکردن، ئینجا دواتر دڵۆپ دڵۆپ دەکرێتە شوێنێکەوە و کۆدەکرێتەوە و بۆ خواردنەوە بەکاردەهێندرێت(موکریانی، 138، 406)،واتە وشەی(ساردتکە)، لە سارده تکەی ئاوەوە هاتووە، دواتر بووە بە (سارتك)، بەمجۆرە ئەم ناوە بە دوو پرۆسەی مۆرفۆلۆجی و دەنگسازییدا تێپەڕبووە، تاوەکو گەیشتۆتە ئەم شێوەیەی ئێستای.

ـ هەندێك ناوچە و ئاقار و گوند، وەسفی خاکەکەی لە ڕووی باشی و بەپیتییەوە بۆتە هۆی ناولێنانەکەی، وەك: **(زێڕیندۆڵ)**، ناوی پارچە زەوییەکی گوندی ( بانی ماران ـ بانی ماڵان)ـە، (گۆمەتاری، 2022، 67). لە ڕووی وشەسازییەوە، پێکهاتووە لە: (ئاوەڵناوی دارێژراو(زێڕ+ین) + ناو(دۆڵ)، هەروەها لە گوندی ئیلنجاغی گەورەش پارچە زەوییەك بەناوی (زێڕیندۆر)ـەوە ناوی لێنراوە، سەبارەت بە ناوی (زێڕیندۆڵ)، دووبۆچوون هەیە: بۆچوونی یەکەم: پێی وایە: (ئەو زەوییە زۆر بە پیت و بەرەکەت بووە، لەبەرئەوە ناویان ناوە زێڕیندۆڵ)، هەرچی بۆچوونی دووەمە پێی وایە: ناوەکە لەناوی ئافرەتێکەوە هاتووە، بەناوی (زێڕین)، کە خاوەنی شوێنەکە بووە، ناوەکەی بووەتە ناوی شوێنەکە، بۆنموونە: لە گوندی گۆمەتاڵدا دۆڵ و زەوییەك هەیە، بەناوی (زێڕیندۆڵ)، زێڕین ژنێك بووە، خاوەنی زەوییەکە بووە.

ئێمە پێمان وایە، لەبەرئەوەی ناوی (زێڕیندۆڵ)، لە ناولێنانی ژمارەیەك گوند و ناوچە و ئاقار دووبارە بووەتەوە، پتر ئەو بۆچوونە پەسەند دەکرێت، کە لە باشی و بە پیتی خاکەکە و بەرەکەتی خاکەکەوە هاتبێت، ئەگەر لە شوێنێکیش لە ناوی ژنێکەوە هاتبێت، کە خاوەنی زەویەکە بووبێت، مەرج نییە، لە هەموو ناوچەکان ئەمە هۆکاری ناولێنانەکەی بێت، بەڵکو پتر ڕێی تێدەچێت، لە بەپیتیی و بەرەکەتی جۆری خاکەکەوە ناوی لێنرا بێت.

ـ گوندەکانی (پەلکەڕەش، کفرەدۆڵ، سماقشیرین، باموردکان، کرۆژ، کۆلکەڕەش، بانەگوڵان، بانەمۆرد)، هەریەکەیان ناوی ڕووەکن و بوونەتە ناوی شوێنی لێکدراو.

**2ـ3: ناولێنانی گوند بەناوی بیانییەوە:**

بەشێکی زۆری ناوی گوند و لادێیەکانی کوردستان، کوردین و پەیوەندییان بە هزر و ئاوەزمەندیی مرۆڤی کوردەوە هەیە. هەندێکیشیان دەگەڕێنەوە بۆ ناوی ئەو گەل و نەتەوانەی کە سەردەمێك کوردستانیان داگیر کردووە، بۆنموونە ناوی(قشڵە)، لە شاری کۆیەدا، لە بنچینەدا وشەیەکی تورکییە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کات و سەردەمەی کە عوسمانییەکان کوردستانیان داگیرکردووە و دەسەڵاتیان بەسەر ئەو ناوچەیەدا هەبووە، بە زۆر هۆکاری جیاواز، گەلێگ وشەی تورکی هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە ، وەك : (قاپی، قوشتەپە، قەرەهەنجی، دیشلەمە ...هتد)،( **عیسی** ، شوکر،2018، 39).

هۆکاری ناولێنانی ئەو شوێنانە بە وشەی تورکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە جگە لە هاوسێیەتی کورد و تورك، تورکەکان بۆماوەی چەندین سەدە، بەناوی خەلافەتی ئیسلامییەوە دەوڵەتی عوسمانیان دامەزراندووە و کوردستانیش بۆ ماوەیەکی زۆر لە ژێر فەرمانڕەوایی ئەواندا بووە، بۆیە ژمارەیەك وشە لە زمانی تورکییەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردی، وەك: (قەرەبالغ/(کۆبونەوە) kala+ balık)،( یاپراغ/ (گەڵا) yaprak ) ، دۆڵمە/ (پڕکردن- تێکردن) dol +ma، قەرەداغ/ (چیا +رەش kara+ dağ )، قوشتەپە/ )گرد + چۆلەکە...kuş+ tepe)،(حاجی مارف،1975، 44).

(بونی وشەی تورکی لەناو زمانی کوردیدا، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حوکمرانی عوسمانییەکان لە کوردستاندا، کە ماوەی (500) ساڵێك حوکمرانیان کردووە، وشەکانی وەك (ئۆغز، قوزەلقورت، قەزاتە، یاسا، قشڵە، جندرمە، چوخم، قاتر، ئاغا، نۆکەر،...هتد، کە لە زمانی کوردیدا، هەن، لە زمانی تورکییەوە هاتوون(دزەیی، 2011، 29).

ـ ژمارەیەکی زۆری ناوی گوند و ئاوایی و لادێیەکانی کوردستان تورکین، هەندێك لەناوەکان بەتەواوی تورکین، هەندێکیشیان چەند مۆرفیمێکی وەك(قەرە، ئاسکی، تەپە،...هتد)یان لە پێشە، وەك:( قزلو، ئاسکی کۆیە، سێوەسەن، ئیلنجاغی گەورە و بچوك، قەنبەر، قەرەناو، قەرەهەنجیر، قەرەتەپە، قەرەچناغە، قولتەپە، باشتەپە، دوزتەپە

گۆکتەپە (گۆپتەپە)، قەرەچوغ، قەرەدەرە، قەرەبۆت، قەرەبێتك، مەلاقەرە، قشاغلو، یەدی قزلەر)، هەندێك لەناوی گوندەکان، کە ناوەکانیان بیانییە، عەرەبین، وەك: ( ئیلەڵڵا، شێخەروان(شێخئەلوان)، ...هتد، هەروەها هەندێك ناوی گوند و شوێن، بە زمانی سریانین، وەك: هەرمۆتە (ارموتا)، کە بەپێی هەندێك سەرچاوە بەواتای زەوی مردووەکان دێت.

## 3. ناوی پارچە زەوییەکانی گوندی ئیلنجاغی گەورە، پەیوەندی بە سروشتی ناوچەکەوە:

لە پاری یەکەم و دووەمی توێژینەوەکەماندا، لە ڕووی واتا و وشەسازییەوە شیکردنەوەمان بۆ ناوی گوندەکانی دەوروبەری کۆیە کرد و بەهەڕەمەکی چەند نموونەیەکمان لە ناوی گوندەکان وەرگرتووە، لە پاری سێیەمی توێژینەوەکەدا، بە هەڕەمەکی چەند نموونەیەك لە ناولێنانی پارچە زەویی و ئاقارەکانی گوندی ئیلنجاغی گەورە وەردەگرین و لە ڕووی وشەسازی و واتاییەوە شیکردنەوەیان بۆ دەکەین و بەشێوازی فەرهەنگی پۆلێنیان دەکەین، لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە، ئیلنجاغ کەوتۆتە باشوری ڕۆژئاوای شاری کۆیە. ناوچەیەکی زورگانە لە دامێنی چیای باواجی، لە ڕووی تایبەتێتی زەوییەوە شێوەی جۆراوجۆری وەك: شاخ، بەرزایی، گرد و تەپۆلکە، دۆڵ و شیو و بان و ڕوبارۆچکە و چەمی تێدایە. گوندی ئیلنجاغی گەورە، چەند پێکهاتە و دیاردەیەکی سروشتی تێدایە، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا ناوی پارچەزەوییەکان و گرد و کانی و بیر و نعور و تەپۆلکە و ڕوبارەکانیش دەخەینە ڕوو، لەبەرئەوەی زۆربەیجار، ناوی پارچەزەوییەکانیش، هەر بەناوی ئەمانەوە ناودەبردرێت، لەشێوەی پۆلێنێکی فەرهەنگییدا و هۆکارەکانی ناولێنانەکان ڕوون دەکەینەوە، وەك ڕەنگدانەوەی هزری تاکی کورد لە پڕۆسەی ناولێنانی شوێندا، بۆسەرچاوە و شیکردنەوەی نموونەکانیش توێژەر پشتی بە زانیاری و سەلیقەی زمانەوانی خۆی و چاوپێکەوتنی مەیدانی و هەندێك سەرچاوە لەسەر ناوی شوێنەکان بەستووە. بەمجۆرە سروشتی ناولێنانەکان، پۆلێن دەکەین بۆ:

### 3. 1 ناولێنانی پارچە زەوی بە ناوی دار و دەوەن و گژوگیا و ڕووەکەوە:

هەندێك لە زەوییەکانی ئیلنجاغ، بەناوی جۆری ئەو ڕووەکەی کە لەم ناوچەیەدا هەیە، ناویان لێنراوە، بۆنموونە: پارچەزەوییەك کە ڕووەکی **(شەکرۆکە)**ی زۆر تێدا هەبووبێت، ناوی لێنراوە(**شەکرۆکین)،** کە ناوی شوێنی دارێژراوە، پێکهاتووە لە: ناو(**شەکرۆکە**) + پاشگر(**ین**)، وشەی (شەکرۆکە)ش، ناوێکی دارێژراوە، پێکهاتووە لە: ناو(شەکر) + پاشگر(ۆکە). لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە پاشگری (ـ ین)، لە

زمانی کوردیدا ناوی شوێن دروستدەکات، کە لە ناوی دیکەشدا دووبارە دەبێتەوە، وەك: (کرۆسکین، کەوەتین، گێوژین، داردارین، مێکوکین...هتد) هەروەها بزوێنی (ـە)، لە کۆتایی وشەی (شەکرۆکە)دا، کرتاوە. هەر لە گوندی ئیلنجاغی گەورەدا، پارچەزەوی(خرنوکین)، کە ناوی شوێنی دارێژراوە، پێکهاتووە لە: ناو(خرنوك) + پاشگر(ین)، پارچەزەوییەکە خرنوکی زۆر لێیە.

ـ **زیواندارە:** ئەو زەوییە گوڵە زیوانی زۆرە، بۆیە ناوی لێنراوە (**زیواندارە**)، ناوی شوێنی دارێژراوە، پێکهاتووە لە: ناو(**زیوان**)+ پاشگر (**دار**)+پاشگر(**ـە**).

ـ **سۆتکەدار:** جۆرە گیایەکی بەهاری بۆن خۆشە، بۆ بۆنخۆشکردن بەکارهاتووە، زەوییەکە ئەو ڕووەکەی زۆرە، بۆیە ناوی لێنراوە (**سۆتکەدار**)، کە ناوی شوێنی دارێژراوە، پێکهاتووە لە: ناو(**سۆتکە**) + پاشگر( **ـ دار**). لێرەدا سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشرێت، کە پاشگری (ـ دار)، لە زمانی کوردیدا، ناوی پیشە و خاوەندارییەتی دروستدەکات، ناوی (سۆتکەدار)یش، بۆ ناونانی ئەو شوێن و پارچە زەوییە بووە، کە خاوەنی (سۆتکە) بووە، واتە: پشگری (ـ دار) هەر بە واتای خاوەن و خاوەندارێتیی هاتووە، بەهەمان واتا، لە وشەی دیکەشدا دووبارە دەبێتەوە و وتای خاوەندارێتیی دەگەیەنێت، وەك: (**پەرۆشەدار**)، کە ناوی شوێنی دارێژراوە، پێکهاتووە لە: ناو (**پەرۆشە**) + پاشگر( **ـ دار**)، هەروەها پارچەزەوی (**گولەدار**)، ناوی شوێنی دارێژراوە، پێکهاتووە لە: ناو (**گولە**) +پاشگر(**ـ دار**).

ـ **قامیشەران:** جۆرە ڕووەکێکی ڕەگداری گرێ گرێیە، قەدەکەی بۆ دروستکردنی چیخ و حەسیر و شتی دیکە بەکاردێت، ناوچەیەك کە ئەو ڕووەکەی زۆر لێ بووبێت، پێی گوتراوە (قامیشەڵان)، بەڵام لەشێوەزاری ئیلنجاخدا فۆنیمی دەنگی(ڵ)، بۆتە (ر)، بۆیە دەوترێت(قامیشەران)، ناوی شوێنی دارێژراوە، پێکهاتووە لە: ناو (قامیش) + پاشگر (ـەران).

ـ **چنارۆك:** جۆرە دارێکی باڵابەرزە، ناوچەیەك ئەم درەختەی لێ بووبێت، ناوی لێنراوە (چنارۆك)، ناوی شوێنی دارێژراوە، پێکهاتووە لە: **ناوی ڕووەك(چنار) + پاشگر(ۆك)،** پاشگری(ـ ۆك)، لێرەدا ناوی شوێنی دروستکردووە، کە لەوشەی دیکەشدا، بەو واتایە دووبارە دەبێتەوە، وەك: (ئاودەرۆك)، (پێبازۆك، تیمارۆك).

ـ پارچە زەوییەکانی (**کفرەدۆر ـ کفردار، کفرەبالوکە)**، ناوی شوێنی لێکدراون، (**کفرەدۆر)** پێکهاتووە لە: ناوی ڕووەك( کفر) + ناوی شوێن(دۆڵ ـ دۆر)، (**کفرەبالوکە):** پێکهاتووە لە: ناوی ڕووەك( کفر) + ناو (بالوکە)، ناویشوێنی (**کفردار**)، پێکهاتووە لە: ناوی ڕووەك(**کفر**) + پاشگری (ـ دار).

جگە لە پارچەزەوی، هەندێك لە گردەکانیش، بەناوی جۆری ئەو ڕووەکەی کە لێیەتی ناوی لێنراوە، وەك: **(گردی سێوەرۆکان)،** ناوی شوێنی دارێژراوە، پێکهاتووە لە: ناو (گرد) + ناوبەند(ی) + ناو (سێو) + پاشگر (ـەرۆك)، (**گردی دەرزیان**)، ناوی شوێنی دارێژراوە، پێکهاتووە لە: ناو (گرد) + ناوبەند (ی) + ناو (دەرزی) + پاشگر (یان)، ( عومەر، 2023، 220_223)

**3. 1. 1 ناولێنانی پارچەزەوی بەناوی مرۆڤەوە:** بەشێکی زۆری( پارچەزەویی و کانی و بیر،...هتد)ی ئیلنجاغ بەناوی خاوەنەکانیان یان کەسێکەوە کراوە، **وەك: (عاردی فەهاوێ)**، ناوی شوێنی لێکدراوە، پێکهاتووە لە: ناو(عارد) + ناوبەند (ی) + ناو (فەهاو) +پاشگر(ێ)، پارچە زەوی(**زێلواوی مام فەتاحی)،** ناوی شوێنی لێکدراوە، پێکهاتووە لە: ناوی لێکدراو( زێلواو) + ناوبەند (ی) + ناوی لێکدراو (مام فەتاح) +پاشگر(ی)، (زێلوو: جۆرە زیندەوەرێکە لەناو ئاودا دەژی، ئەو ئاوەی زێلووی تێدایە، پێی دەوترێت: زێلواو)، پارچەزەوی(**بیانی مام حەمە عەلی**)، ناوی شوێنی لێکدراوە، پێکهاتووە لە: ناوی ڕووەك (بی) + پاشگر(ان) + مۆرفیمی (ی) + ناوی لێکدراو(مام حەمە عەلی)، شوێنێکە داری بی لێیە و خاوەنەکەی مام حەمە عەلییە، پارچەزەوی(**نعوری مام حوسێنی**)، ناوی شوێنێکە، پێکهاتووە لە: ناو(نعور) + مۆرفیمی (ی) +ناو(حوسێن)+ پاشگر(ی)، وشەی (نعور): چەرخێکە لەنێو چاڵە ئاوێك یان بیر دادەنرا، بە دەولکێك بەهۆی ئاژەڵێکەوە ئاوی پێ دەردەهێنرا.

پارچە زەوی (**حەبێ مردی**)، ناوی شوێنی لێکدراوە، پێکهاتووە لە: ناوی مێ(حەبێ) + کاری ڕابردوو(مردی ـ مردوو). پارچەزەوی(**کاولانی حاجی عەولای**)، ناوی شوێنی لێکدراوە، پێکهاتووە لە: ناو(کاول) + پاشگر (ان) + مۆرفیمی(ی)، ناوی لێکدراو(حاجی عەولا) + پاشگر(ی)،پارچە زەوی (**باسکی ئایشە کۆر**)، ناوی شوێنی لێکدراوە، پێکهاتووە لە: ناو(باسك) + ناوبەند(ی) + ناوی لێکدراو(ئایشەکۆر). پارچەزەوی(**تەلانی پیرێژنێ**)، ناوی شوێنی لێکدراوە، پێکهاتووە لە: ناوی شوێن+ مۆرفیمی(ی)+ ئاوەڵناوی لێکدراو(پیرێژن) + اشکر(ێ)، تەلانێکە بەناوی پیرێژنەوە کراوە. پارچەزەوی(**حەمە خەجیلە**)، ناوی شوێنی لێکدراوە، پێکهاتووە لە: ناوی بچوککراوە+ ناوی بچوککراوە(خەجیلە).

پارچەزەوی(**بێکەسە)**، ناوی شوێنی دارێژراوە، پێکهاتووە لە: ئاوڵناو(بێکەس) +پاشگر(ـە)، یان ئەو پاچە زەوییە، هی مرۆڤێك بووە، کەسی نەبووە، یان وجاغ کوێر بووە، یان پارچە زەوییەکە هی کەس نەبووە. پارچەزەوی(**عاردی کابانێ**)، )، ناوی شوێنی لێکدراوە، پێکهاتووە لە: ناو(عارد) + ناوبەند(ی) + ناو(کابان) + پاشگری دۆخ(ێ)، پارچەزەوی( **گۆڕەئۆمەرە**)، ناوی شوێنی لێکدراوە، پێکهاتووە لە: ناو(گۆڕ) + ناوبەند(ـە) + ناو(ئۆمەر) + پاشگر(ـە). هەروەها پارچەزیوی(وەسمان عەزیزە)، (عەولاکۆر)، (لۆلۆ)، (خدرەسۆر)، (لاسەملخوار)، (مام ڕەجەبە)، (زولفەقاڕ).

**3. 1. 2 ناولێنانی ئاقار و پارچەزەوی بە گوێرەی بارودۆخ و سروشتی ناوچەکە:** هەندێك ئاقار و پارچە زەوی گوندی ئیلنجاغی گەورە، بە پێی ئەو کارەی کە تێیدا کراوە، ناوی لێنراوە، وەك: پارچەزەوی (**قوچەك**)، کاتێك کە ئینگلیزەکان هاتوونەتە ئەو گوندە، بۆ دۆزینەوەی نەوتی ناوچەکە، بە بەرد لەو پارچە زەوییەدا قوچەکیان کردووە، وەك نیشانەیەك، دواتر لەلایەن خەڵکی ئاواییەوە، ناوی لێنراوە(**قوچەك**). پارچەزەوی(**شەریکە**)، دوای ئەوەی نەوت لەو ناوچەیە دۆزراوەتەوە، پارچە زەوییەك دەستنیشانکراوە بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتەکە، ناو لەو پارچە زەوییە نراوە(**شەریکە**)، پارچەزەوی (**مەیدان تەیاران**)، ئەو پارچەزەوییە بووە، کە تەخت کراوە و ڕێکخراوە بۆ نیشتنەوەی تەیارە(فڕۆکە).

**3. 1. 3 ناولێنانی پارچەزەوی بەناوی گرد، شاخ،چیا،باسك، دۆڵ،هەرەت، شیو، گەوە، بورە، غەڕ، گەری، هەوێز، کەلێن، تەپەرۆك، قەڵات، کەور، بان، قۆرت**، وەك: ( شیوی هەنجیران، شیوی لەودە، گردی جەلالی، گردی پاوانێ، گردی گابۆڕی، گردی داراشان، گردی سێوەرۆکان، دۆری هەناران، دۆرە زێڕینە، غەری سواری، زێڕیندۆڵ، بنگرد، چیاگەڕ، باسکی ئایشەکۆری، گردەبۆر، هەرەتی گابۆڕی، گەری دارەبەنەی، گەری عاسی، هەوێزی دەروێشی، کەلەنی کەروێشکی، تەپەرۆکی کۆردەرەی، تەپەرۆکی غەران، دووشاخۆکە، قەراتەسۆران، غەری سواری، کەورزەرد، شاخی بوکێ، قۆرتی خەزاری، تارەبانە (بانێکە ئاوەکەی تاڵە، بە کەڵکی خواردنەوە نایەت)، دۆری ژۆری(دۆڵی ژووروو)، لە شێوەزاری ناوچەکە، دەنگی (ڵ) بە (ر) گۆدەکرێت و وشەی (ژوور)یش بە (ژۆر) دەردەبڕدرێت.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp212-224

**3. 1. 4 ناولێنانی پارچەزەوی بە پێی وەسف و خاسیەتی ناوچەکەوە:** هەندێك پارچەزەوی بە پێی تایبەتمەندیی و سروشتی ناوچەکەوە ناوی لێنراوە، وەك: **(برندۆکە):** پارچەزەوییەکە، شوێنەکەی بڵند و بەرزە، بۆیە بە شێوەزاری گوندەکە ناوی لێنراوە(**برندۆکە**)، ناوی شوێنی لێکدراوە، پێکهاتووە لە: ئاوەڵناو(برند ـ بڵند) + پاشگر (ـ ۆکە). ئەم پاشگرە لە بنچینەدا، لەگەڵ هەندێك ناودا ناوی بچوککراوە، دروستدەکات، وەك: ناوی (کچۆکە)، کە پێکهاتووە لە: (کچ) + پاشگری (ـ ۆکە)، بەڵام لە وشەی (برۆندۆکە)دا، واتای شوێن و بچووککردنەوە دەگەیەنێت.

ـ **(کاولاشان)**، بنچینەی وشەکە(کاولەئاشان)ـە، ئەم شوێنە پێشتر ئاشی لێبووە و کاری کردووە، بەڵام ئێستا ئاشەکان نەماون، تەنیا شوێنەوارەکانیان ماوە، بۆیە خەڵکی گوند، بەپێی تایبەتمەندیی ناوچەکە، لە ئێستاداپێی دەڵێن:**(کاولاشان).**

ـ **(دایماو)**، پارچەزەوی**(دایماوێ)**، ئەو ئاقاڕ و پارچە زەوییە، هەموو کاتێك ئاوی هەبووە و جوتیارەکان بۆ چاندنی بەروبوومەکانیان سودیان لێوەرگرتووە، وشەکە لێکدراوە، لە هەردوو وشەی ( دائیم +ئاو)ـەوە داتاشراوە. پارچە زەوی(هەواران)، ئەو شوێنە بووە، کە هەوار بووە و لە شوێنەکانی دیکەی گوندی فێنك تر بووە،. پارچەزەوی(پایزەواران)، ناوی لێکدراوی شوێنە، داتاشراوی(پایزەهەوارانە)، پایزە هەواری خەڵکی گوندی بووە. پارچەزەوی**(باریکە):** ناوی شوێنی داڕێژراوە، پێکهاتووە لە: ئاوەڵناو(باریك) + پاشگر(ـە)،پارچەزەوی**(تاراو)**، ئەم پارچە زەوییە، ئاوەکەی تاڵە، بەپێی شێوەزاری گوندەکە، دەنگی {ڵ}، بە دەنگی {ر}، گۆدەکرێت. بۆیە (تاڵاو) دەبێتە (تاراو). پارچە زەوی(خێراتۆکە)، ناوی شوێنێکی بچووك بووە، پێکهاتووە لە: ناو(خێرات) + پاشگر(ۆکە)، واتاکەشی لەوەوە هاتووە کە ئەو شوێنە ئاوی خواردنەوەی لەناو کوندەڵانێك لە ژێر کەپرێکدا لێدانراوە.

**3. 1. 5 ناولێنانی پارچە زەوی، بەناوی باڵندە و ئاژەڵ و زیندەوەرەوە:** هەندێك لە پارچە زەوییەکان بە پێی جۆری ئەو باڵندە یان ئاژەڵ یان زیندەوەرەی کە لە ناوچەکەدا هەبووە، ناویان لێنراوە، وەك: (هێلانە قەڵ: هێلانەی قەلی زۆر لێبووە. پارچەزەوی پشتە گورگ، پارچەزەوی (پیزپیزۆکان)، بەناوی خشۆکی (پیزپیزۆك)ـەوە ناوی لێنراوە، بە بۆچوونی ئێمە ناوی (پیزپیزۆك)، لە دووبارەبوونەوەی ئاوەڵناوی (پیس) و پاشگری (ـ ۆك)ـەوە پێکهاتووە، بەمشێوەیە: ئاوەڵناو(پیس) + ئاوەڵناو (پیس) + پاشگر (ـ ۆك)، واتە: وشەکە لە بنچینەدا (پیسپیسۆك)ـە، بەڵام لە ئەنجامی بەکارهێنان و دووبارەبوونەوەدا، دەنگی [س]، گۆڕاوە بۆ دەنگی [ز]، بۆتە (پیزپیزۆك)، سەبارەت بە پارچە زەوی (پیزپیزۆکان)، کە ناوێکی شوێنە بەمشێوەیە پێکهاتووە: ناو ( پیزپیزۆك) + پاشگر(ـ ان)، واتە، ئەو شوێن و پارچە زەوییەی کە پیزپیزۆکێکی زۆری لێیە. خشۆکی پیزپیزۆك زۆر لەم ناوچەیەدا هەبووە، پارچە زەوی( پەڕەسێلکان)، پەڕەسێلکەی زۆر لێبووە).

**3. 1. 6 ناولێنانی پارچەزەوی بەناوی کانی وگۆم و نعور و بیر و کارێز، جۆگە، زێلواو، ڕوبارەوە:** لە گوندی ئیلنجاغدا ژمارەیەکی زۆر کانیاو و نعور و بیر و کارێز و جۆگە و ڕوبار هەیە، کە ناویان لێنراوە، هەرچی ناوی (کارێز، نعور، بیر)ـە، زۆرجار بەناوی ئەو کەسەوە ناویان لێنراوە، کە ئەمانەی دروستکردووە، یان بەناوی جۆری خاك و کەش و ناوچەی جوگرافییەوە ناویان لێنراوە، یان ئەمانە لە پارچە زەوییەك بوون، کە بەناوی خاوەنی ئەو پارچە زەوییەوە ناویان لێنراوە، یان بەناوی ئەو پارچە زەوییەوە ناویان لێنراوە، کە ئەمانەی لێبووە، وەك: (نعوری خدرحاجییان، کارێزی حەمەخەجیلە، نعوری شێخمحەمەدی، نعوری حاجیساڵحی، بیری مام ڕەجەبەی، بیری مام فەتحوڵڵای، بیری حاجی عەلی، نعوری دوکان، نعوری کرۆسکین، نعوری سورانە، کارێزی زێلواو، کارێزی دایماو، کارێزی ڕەشمارۆکان، کارێزی کۆردەرەی، کارێزی کاولاشان، ...تد)، هەرچی ناوی کانی و گۆمەکانە، بەناوی کەسێك یان بارودۆخێك یان کەش و هەوای ناوچەکە، یان ڕەنگی خاك و ئاوەکەوە کراون، وەك: (کانی گورگان، کانی ئەشکەفتێ، کانی قەبران، کانی گەری عاسێ، کانی ڕووباری، کانی پەڕەسێلکان، کانی چکچکەی، کانی حوسێنەی، کانی تەنگانە، کانی برفەتێ، کانی گابۆڕی، کانی شاخێنە، کانی کاولان، کانی سێودینار، کانی ژنان،کانی قەمیشەران، کانی وەلی، کانی شێخ ڕەسولی، کانی مامە سوولە، کانی شیوی هەنجیری، کانی مەستانێ، گۆمی دووبەردی، جۆگەی دایماوێ، گۆمە گڕوو، گۆمی دوو ژنی، گۆمی گاشینی گەورە و گچکە، گۆمی خۆشناوان، گۆمی قازانان، ڕوباری داربەسەری، ڕوباری کۆیە.

**3. 1. 7 ناولێنانی پارچەزەوی بەناوی کێل و گۆڕ و قەبرەوە، وەك:** (گۆڕی شێخمحەمەدی، گۆڕی مەحمیلی، کلکەی قەبران، قەبرۆکان، کانی قەبران، قەبری ئەلیاسی، قەبرستانی قەبرۆکان، قەبرستانی داراشان، ناوکەرەکان.

لە نەخشەی خوارەوەدا، پێکهاتەی مۆرفۆلۆجی هەندێك لە ناوەکان شیدەکەینەوە:

خشتەی (٢

| ناوی لێکدراو | شێوەی وشە(فۆرم) | واتا |
|---|---|---|
| گردەشینە | ناو(گرد) + ناوبەند(ە) + ئاوەڵناو(شین) +پاشگر(ە) | لە ڕووی واتاوە، بریتییە لە: ناوی گوندێکی شاری کۆیەبووە، بەناوی ڕەنگی ئەو گردەی کە لێوەی نزیك بووە و ڕەنگی شین بووە، ناوی لێنراوە. |
| گۆمەتاڵ | گۆم)+ ناوبەند(ە) + ئاوەڵناو(تاڵ | واتاکەی بریتییە لە: گۆمێك لەو ناوچەیە هەیە، ئاوەکەی تاڵە، گوندەکەش بەناوی ئەو گۆمەوە ناوی لێنراوە. |
| (سورەقەڵا) | ئاوەڵناو (سور)+ پاشگر(ـە)+ ناو(قەڵا). | لە ڕووی واتاییەوە، بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە ناولێنانی گوندی سورەقەڵا هەیە، یەکێك لە بۆچوونەکان ئەوەیە، ((کە گردێکی بەرز لەشێوەی قەڵا بوونی هەیە، کە ڕەنگی سورباوە، بەتێپەڕبوونی کات ناوی سوورەقەڵای بەسەردابڕاوەتەوە. کە گوزارشتە لە گوندەکە لە خوار گردە بەرزەکە، کە وەکو قەڵایەك بووە لەپاڵ گوندەکە، ئەگەرنا لە بنەڕەتدا هیچ قەڵایەك لە گوندەکەدا بوونی نەبووە))،(ڕەسوڵ:2015 : 156). |
| دارەبەن | ناو(دار)+ ناوبەند(ـە)+ ناو(بەن) | لەناوی ڕووەکی (دارەبەن)ـەوە هاتووە، واتە ناوچەیەکە ڕووەکی دارەبەنی لێیە و بەو ناوەوە ناوی لێنراوە. |
| چۆمحەیدەر | ناوی شوێن(چۆم)+ناوی مرۆڤ(حەیدەر) | ناوێکی لێکدراوە، پێکهاتووە لە: ناوی شوێن(چۆم)، لەگەڵ ناوی مرۆڤ بۆ ڕەگەزی نێر، واتە: بەناوی چۆمی حەیدەرەوە ناوی لێنراوە( ئیلنجاغی، 2014، 107) . |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp212-224

## 4ـ ئەنجامەکان

لەم لێکۆڵینەوەیەی بەردەست و پاش تاوتوێکردنی بابەتەکانی، گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە :

1ـ ناوی شوێن بەشێکی گرینگی فەرهەنگی زمانی کوردییە، توێژینەوە لەسەر ناوی شوێن و جێگا، سودێکی زۆر بە فەرهەنگ و زمان و مێژوو، کلتووری نەتەوەی کورد دەگەیەنێت و دەوڵەمەندی دەکات.

2ـ ناوی شوێن، ڕەنگدانەوەی هزر و ئاوەزمەندیی مرۆڤی کوردە، بۆیە کاتێك داگیرکەر وڵاتەکەمان داگیر دەکات، هەوڵ دەدات، ناوی شوێنەکان، بەتایبەتی ناوی گوند و لادێیەکان، بگۆڕێت و ناوێکی بیانیان لێ بنێت، کە ئەمەش ئاماژەیە، بۆ سڕینەوەی زمان و کلتوور و مێژوو، هزری تاکی کورد.

3ـ دەوروبەر و هەڵکەوتەی جوگرافی و سروشتی ناوچەکان، ڕەنگدانەوەیان لە ناوی شوێن و جێگاکانی کوردستاندا هەیە، بۆیە هەندێك لە ناوی گوندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، بە ناوی ئەو کانی و کانیاو و گۆم و گرد و تەپۆلکە و خاکەوە کراون کە بەشێك بوون لە پێکهاتە و سروشتی ناوچەکە.

4ـ بەشێکی زۆری پارچەزەوییەکانی گوندەکان، بەناوی خاوەنەکانیانەوە کراون، یان بەناوی کەسێکەوە کراون کە لەوناوچانەدا کارێك یان ڕوداوێکیان بەسەرداهاتووە، هەندێکی دیکەشیان بەناوی سروشت و ناوچەی جوگرافییەوە ناویان لێدەنرێت.

5ـ گیرەکە وشەدارێژەکان، لە دارێشتنی ناوی شوێنی دارێژراوی زمانی کوردیدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە، لە دارێشتنی ناوی گوند و پارچە زەوییەکانیشدا بە بەرهەمن.

## سەرچاوەکان


ئەحمەد، تریفە عومەر(2013). پراگاتیکی فەرهەنگی پێکداچوونی پێکهاتەکانی، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

ئیلنجاغی، ئاراس (2013 ). ساتوقەڵا هەرێمی ئیدۆ، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

ئیلنجاغی، ئاراس ( 2014). سێگردکان و سێبەرنشینەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی.

ئیلنجاغی، ئاراس (2014). زێودەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی.

حاجی مارف، ئەورەحمان(1978). وشەی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕێگا، بانە.

حاجی مارف، ئەورەحمان(2014). ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم: وشەسازی، بەشی یەکەم: ناو.هەولێر: چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات .

حسین، شیال زکی ( 2022). ڕیزبوونی مۆرفیمە بەندەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی سۆران، سۆران.

ڕەسوول، زامدار ئەحمەد (2015). ناحیەی ئاشتی و گوندەکانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، سلێمانی.

ڕەشید، جەمال (2001). قامووس، نووسەری نوێ(19)، 151ـ152.

سدیق، فاروق عومەر(2015). ڕەچەڵەکی وشە و پەلهاویشتنی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

سەعید، محەمەد مەجید(2015). فەرهەنگ و پرۆسەی بە لێکسیمبوون، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

سەلام، ئیلنجاغی، یوسف، ڕۆستەم، ئاراس، حاتەم(2023). ئینسایکلۆپیدیای گوندەکانی قەزای کۆیە، چاپەنەکراو.

شوانی، ڕەفیق (2014). وشەسازی زمانی کوردی، چاپی دووەم، کۆمەڵگای چاپخانەی داودی، کەرکوك.

شوانی، ڕەفیق (2016). لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری زمانناسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

شوانی، رفیق (2023). ڕیشەناسی زمان و وشەی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

شێخ بزێنی، سەعد فاروق یوسف ( 2015). هۆزی شێخ بزێنی، چاپی یەکەم، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

شێخ طیب، شهاب ( 2014). دەربارەی زمانەوانی، چاپی یەکەم، نارین، هەولێر.

عبداللە، ڕۆژان نوری (2007). فەرهەنگی زمان و زاراوەسازیی کوردی، چاپی یەکەم، چوارچرا، سلێمانی.

عوسمان، عەلی حەمەد (2021). ئاستەکانی زمان لە فەرهەنگی کوردیدا، لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، چاپخانەی کاروان، سۆران.

عیسی و صابر، هاوژین صلیوە ، شادان شوکر (2018). ئاوێتەبوونی زمانی کوردی و زمانی سریانی، لە شاری کۆیە( شیعر بە نموونە)، بەڕیوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، چاپی یەکەم.

قادر، ئەبوبەکر عومەر (٢٠٠٣). بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

گۆمەتاری، ئەسعەد خدر (2022). وارگۆتی ــ وارکورد، چاپی یەکەم، ناوەندی حاجی قادری کۆیی، هەرێمی کوردستان.

محەمەد، مەحوی (2001). وشەنامە و فەرهەنگ، گۆڤاری (نوسەری نوێ)، ژمارە (19)، ژمارەی تایبەت بە سیمیناری فەرهەنگی کوردی، هەولێر.

مراد، میدیا (2021). فەرهەنگنووسی، چاپی یەکەم، نارین، هەولێر.

میراودەلی، کەمال (٢٠٠٧). فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانە (؟)، سلێمانی.

الخولی، محمد علی (1986). معجم علم اللغة التطبیقی، الطبعة الاولی، مکتبة لبنان.

العریان، محمد عبدالحفیظ( 1984). المعاجم العربیة المجنسة، دار المسلم، مصر.

المعتوق، أحمد محمد (2008). المعاجم اللغویة العربیة. ط الاولی، بیروت: دار النهظة العربیة.

Vyvyan Evans & Benjamin. K & J. Zinken.(2013) The Cognitive Linguistics Enterprise: an overview.